# فەجری حاجی ئۆمەران و جینۆسایدی بارزانیەکان

عەلی مەحموود محەمەد

"تکایە ئەگەر کەڵکی لێوەردەگرن, ئاماژە بەسەرچاوەکەی بکەن"

رێکەوتنی پارتی دیموکراتی کوردستان–پدك لە گەڵ ئێران بۆ ئەنجامدانی کاری سەربازی هاوبەش لەناو جوگرافیای عیراقدا, یەکەم رێکەوتنی پارتێکی کوردی بوو لە گەڵ ئێران بۆ شەڕی هاوبەش, کە پاش شەڕی قەڕناقاو پشت ئاشان و دەرکردنی لایەنەکانی بەرەی جود لە زۆرینەی ناوچەکانی سۆرانی زمان کە بە هاوکاری لۆجستیکی حکومەتی عێراقی ئەنجامدرا, دوای 2 ساڵ لەو بەرواره, واتا 22ی تەموزی 1983 ینك و سۆسیالست و بزووتنەوەی ئیسلامیش هاتنە ناو هەمان گەمەوە, بەم تەرزە پەیماننامەیە یارییان بە چارەنووسی کوردەوە دەکرد, کوردیان کردە شەریکە دۆڕانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە شەڕەکە, دوای ئەنفال و کیمیابارانەکان لە 6ی ئەیلولی 1988 دا دەست بە تاڵ و دۆڕاو لێی دەرچوون, ئەوەی بۆیان مایەوە مانگانە تمەنێك و بارەگایەك لە سونێ و قاسم رەش و کارتی گەڕان بۆ شارەکانی ئێران بوو, ئەوان نزیك 10٪ی هاولاتیانی کوردستان و 4500 لادێیان بە جینۆسایدکردن و وێرانکردن دا, دەریاچەیەك خوێن و جیهانێك وێرانکارییان دورییەوە لەو شەڕە هاوبەشانە, هاوکات برافی چەکداری کوردیان وەك برافێکی کرێ گرتە بە جیهان ناساند, بە هێنانی ئێران لە 29–7–1996 بۆسەر کۆیەو هێنانی بەردەوامی تورکیا و هێنانەوەی سوپای عێراق لە 31ی ئاب و 16ی ئۆکتۆبەر , سەلماندیانەوە هەمان تاکتیك بۆتە ستراتیژی کاریان و بەردەوامی هەیەو دەبێت, گەلی کورد لە هەڵدێرو ماڵوێرانییەکەوە بۆ یەکی دی دەبەن.

لە کاتێکدا راگەیاندەکان جیهان غەرقی هەواڵی دەریای خوینی جەنگی ئێران–عێراق ببوون, کۆتایی هێنان بە کۆماری ئیسلامی شەرق و غەربی یەکخستبوو, کۆمەلکوژی کوردان ببوە جەنگێکی لەبیرکراو, بە بەرچاوی کەشتیە ئاسمانیەکانەوە کوردستان خاپورو خەڵکەکەشی قەسابی دەکران, لەناو ئەو دەریای خوێنەدا کەس گوێبیستی نوزەی نابوو, کۆمەڵکوژی کوردیش ببووە هۆلۆکۆستی نوێ, ئەمجارە کرانە قوربانی سەرانی ینك وپدك و سۆسیالست و بزووتنەوەی ئیسلامی, دوای راپەڕینیش لە بری سزادانیان کەچی خودی قوربانیانیش لە گەڵدا لە ریزە دورو درێژەکان وەستان تا دەنگیان پێبدەنەوە.

ئێران و عیراقیش لە پاڵ ولاتانی زلهێز لەو ولاتانە بون کۆدی کریپتۆی سویسریان بەکار دەهێنا لە پەیوەندییە نهێنییە ناوخۆییەکانیان, کە لە لایەن سیای ئەمەریکیەوە کۆدەکە دەشکێنرا, وەك لەو ئابڕوچونەی سەرەتا ئەمساڵ ئاشکرا کرا, بۆیە هەمووان ئاگاداری تەواوی کوردۆسایدی کورد بوون.

ئێمە لە هەموو ئەو شەڕانە لە هەموو رویەکەوە دۆڕاوین, بۆیە دەبێت زیاتر بگەڕێین بە دوای ئەو خاڵەدا کە تێیدا بووە هۆی دۆڕانمان, دەبێت گومان بخەینە سەر رابردوو, بە پراتیك و کارەکتەرەکانیەوە, چونکە رابردوو بە تایبەت ساڵانی برافی چەکداری, مێژوییەکە پڕە لە دۆڕان, با ئەو مێژوەوە بنووسێنەوە کە دۆڕاوەکان دەینووسنەوە نەك

براوەکان, چونکە ئەم تەوەزەلانە دۆڕانی خۆشیان بە بردنەوە دەزانن و مێژووی براوەمان پیٚ نیشان دەدەن, خۆیانیش دەکەن بە خاوەندی ڕاپەڕین و کۆڕەو ڕوخانی سەدام.

سەرانی کورد توانای باشی خۆ کوێر و کەڕ و لاڵکردنیان هەیە, کاتێك نۆرەی دۆران و هەڵەو تاوانەکان خۆیان باس دەکرێت, دەبنە نەتەوەیخواز و دادپەروەر و هەزار و یەك پاساو بۆ شکست و دۆڕانەکانیان دەهێننەوە, ئەوان وەك مێگەلە مەڕ سەیری گەلە کەن خۆشیان شوان, هەر کاتێك بیانەوێت بماندەنە دەم گورگەوە, دەبێت ڕازی بین و گورگبونی ئەوانیش ئاشکرا نەکەین, وردە وردە گورگیەکەشیان دڕندەترو پڕ لە خیانەتر دەبێت, بە دەستاودەستکردنی فەرمانڕەوایی لە لایەن نەوەکانیانەوە.

بۆیە ئەمانە لە مێژوو دەترسێن, یاداوەرییەکانیان, پاککراوە لە تاوان و شکستەکانیان, دەیانەوێت لە ڕێگای کرێگرتەکانیانەوە مێژوییەکی دیمان پیٚ نیشان بدەن, شەڕە هاوبەشەکانی حاجی ئۆمەران و هەڵەبجە و کەرکوك و ..... وەك شەڕی سەرکەوتن و ڕزگاری وێنا بکەن.

هێرشی هاوبەشی پارتی وئێران بۆ ناوچەی حاجی ئۆمەران و گردمەند لەساڵی 1983 دا کە بە فەجری دوو ناسێنراوە, بە یەکەم نموونەی ئەنجامدانی شەڕی هاوبەشی پارتە کوردییەکان لە گەڵ ئێران دژ بە سوپای عێراق دێتە ژماردن, لێرەوە ئەم تەرزو شێوە هاوکارییە سەربازی سیاسییە, دەبێت بە تەرزو مۆدێلێکی کارو خەباتی بەشێك زۆری لە لایەنە کوردییەکانی دیکەی باشوور و ئیلهامی لیٚ وەردەگرن " ینك, پارتی, سۆسیالست, بزووتنەوەی ئیسلامی", حەوت ساڵی پڕ لە دۆران و شکست بەردەوام دەبێت, لە پشت پەرتووکە سورەکان و ئاڵاکانی کوردستانەوە دەست لە گەڵ پاسدار تێکەڵ دەکرا و پرۆژەی شەری هاوبەشیان لە گەڵ ئێران دادەڕشت, لێرەوە بوونە ویڵی ڕێگای پەیوەندییەکانیان لە گەڵ ئێران , وایان دەنواند بەخت یاریان بووەو ڕێوی بەرەو پیرییانەوە چووە, دڵیان بەوە خۆش بوو, ئێران کاری هاوبەشیان لەگەڵ دەکات, دیارە ئەم جۆرە چالاکییە هۆکاری کردنەوەی دەرگایەکیش بوو بۆ سەرانیان تا بگەن بە ئیمتیازات و سەفەرکردن, کردنەوەی دەرگایەکی بەختەوەری بۆ بۆیان, بە پشت بەستن بە ئێران دەیانەویست ببنە هێزی یەکەم و چوار مشقی لەسەر باڵا دەستی لە کوردستان دابنیشن, ینك وپدك ,خولیای بوون بە یەکەم هێز لە کوردستان, بەردەوام لەمێشکیان خولی دەخوارد, پاش ئەوەی چەکیان لە ئێران وەر گرت ئومێدیان باڵای دەکرد, پەندیان لە هەرەسی 75 وەرنەگرت , ئێران بووە قیبلەنامای کاریان, زیاتر وەك داردەستێکی ئێران خۆیان دەنواند نەك هێزێکی کوردستانی, ڕابردویان دوبارە دەکردەوە" لە یاداشتەکانی موکەرەم تالەبانی وا هاتووە: دوا کوبونەوەی نوێنەری بارزانی لەگەل حکومەتی ناوەندی لە بەهاری 1974 کە منیش تێدا بەشدار بووم، سەروکی شاندی بەعس کە سەدام بوو، بەم شێوەیە دەستی بە قسەکانی خۆی کرد، پێویستە ئێوە ( مەبەستی پارتی بوو (پەیوەندیەکانتان لەگەل ئیران بپچرێنن و سنورەکان بەرامبەر ئیران داخەن. کاك سامی عەبدولرحمانیش کە سەروکی شاندی پارتی بووە بەم شێوەیە وەلامی دایەوە : بارزانی پەیوەندیەکانی خۆی لەگەل ئیران بە پەیوەندیەکانی لەگەل بەغداد ناگۆرێتەوە !!سەدامیش بە سەرسورمانەوە وەلامی دایەوە. ئەگەر ئێوە پەیوەندیتان لەگەل ئیران بە پەیوەندی لەگەل بەغدا ناگورنەوە، چ داوایەکتان لە ئێمە هەیە و بەردەوامی گفتوگۆ چ مانایەکی هەیە !ئێوە لە ئێستاوە خۆتان بە بەشێك لە عیراق نازانن، ئەوەش لە دەرەوەی

ناوەروکی یاساکانی ئوتۆنومیە. کۆبونەوەکە بەبێ ئەنجام کوتایی هات و شەر لە کوردستان دەستی پێکرد."، ئەوەی پەند لە رابردوو وەرنەگرێت داهاتووشی نییە، بۆیە ئێستا زیاتر کەوتنە باوەشی ئێران و تورکیاوە .

بە بێ ئەوەی بزانن مامەڵە کردن لەگەڵ دوژمندا خیانەت کارییە لە گەل و لای فاشییەکانیش گەل بەرەو چارەنووسێکی رەش دەبات، بەم کارەشیان کەوتنە ناو تەڵەی ئێرانەوە، لە گەڵ ئەودا بەرەو چارەنووسی نادیار ملیان دەنا، بە پێچەوانەی شەپۆلی جیهان گەلیان لە گەڵ خۆیان بەرەو دۆزەخ برد.
"هەروەها زۆربەی جینۆسایدەکان لەکاتی قەیرانەکاندا رودەدەن وەکو جەنگ. هەڵوەشانەوەی دەوڵەت، شۆرش. و ئەنجامدەرانیشی قوربانیەکان تاوانباردەکەن لەسەرهەڵدانی ئەو قەیرانانەدا . هەروەها حکومەتی وڵاتانی دیکەش ڕەنگە دەستێوەردەن یاخود بێدەنگ بن لەئاست جینۆساید لەوڵاتیکی تردا وەیا پشتگیری لەئەنجامدەرانی بکەن بەڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەپێی ئەوەندەی لە توانایاندا هەبێت."هیڤاڵ هیلان وەرگێرانی: نەریمان عەلی-ئەم لێکۆڵینەوەیە پێشکەشکراوە بۆ بەدەستهێنانی دیبلۆم لە خوێندنی یاسادا (لەزانکۆی ئۆکلاند نۆڤەمبەر 2000)".
پێش فەجری دووش، پارتی دیموکراتی کوردستان ((عێراق)) زۆر جەنگی هاوبەشی شان بە شانی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دژ بە پێشمەرگەی کوردستانی خۆرهەڵات (بە تایبەت دیموکرات و کۆمەڵە) ئەنجام دابوو، لەگرتنەوەی زۆر دەڤەر و شار و شارۆچکە رۆڵی گێرابوو ، نموونەیەکی سەرکەوتووی لە کاری سەربازی –سیاسی هاوبەشی خستبووە سەر سفرەی کون بووی کۆماری ئیسلامی ئێران، بەڵام لەناوخۆدا تەنانەت لە مانگەکانی پێش شەڕی حاجی ئۆمەران، شەڕەکان لە ناوچەی شنۆ ئەنجامدرابوو، ئەم هاوپەیمانییە بۆیان پەیماننامەی فاوست بوو ( لەو پەیماننامەیە فاوست روحی خۆی بەشەیتان فرۆشت) بەلام فاوستەکەی ئیمە دوایی بوون بەدو و سێ و چوار وپێنج ، نەك تەنها ڕوحی خۆیان بە لکە ڕوحی هەموو گەلیان بەشەیتانە پیشنە ڕندەکەی ئەودیو سنوور فرۆشت، بەم کارەشیان بوونە دیلی پەیوەندییەکانیان لە گەڵ ئێران، تاکتیکی ماڵویرانکەر سەدان هەزار کەسی کردە قربانی ، بەم کارە ناشرینەشیان دۆزی کوردییان لە جەنگی کۆنە پەرستانەی عێراق ئێران خنکاندو شەلاڵی خوێنیان کردو ڕەوایەتی گیانی بزووتنەوەی دژ بە ستەمی نەتەوەییان تیایدا کوشت و ناشرینیان کرد، ئەگەر کەمۆکەیەك پێشتر جوانیان تێدا هێشتبێتەوە، بە پەیوەندییە گوماناوییەکانیان هەموو سیمایەکی ئامانجداری تێدا کوشت.
ئەم جەنگە هاوبەشانە دەستپێکی خۆکوژی بە کۆمەڵی ( خێڵێك دواتر گەلێك ) ی لێکەوتەوە، هەرچەندە پارتی بۆ خۆی هاشا لەوە دەکات ، لەو شەڕە (( حاجی ئۆمەران )) بەشدار بوو بێت و پێش بە سوپای پاسداران کەوتبێت و چاوساغی بۆیان کردبێت ، بەڵام بۆ خۆی تاوانەکە بەو بەهانەیەو بەو ناوەوە ئەنجامدرا و لەژێر ئەو کارە خۆی شاردەوە، لێ ڕەتکردنەوەکانی پارتیش لاوازە، لە بەرامبەردا زۆر سەرچاوە ئاماژە دەدەن بەوەی ئەو کارە سەربازییە هاوبەشە بەرفراوانە ئەنجامدراوە، تاڵی لەوەدایە هەمان پارتی سیاسی دوای 3 ساڵ لەو کارەساتەی هاشا لە ڕۆڵی خۆی دەکات تیایدا، دێت هەمان تاکتیك جارێکی تر هەڵدەبژێرێتەوە و پیادەی دەکاتەوە ، جارێکی دیکە بە ئاشکرا بە شێوەی ر بەرفاوانتر و بەربڵاوتر و ئاشکراتر دووبارەی دەکاتەوە " **پارتی لە فەتحی سێ لە هێرش بۆ سەر گەراجی نەوتی زاخۆ و فەتحی هەشت لە ناوچەی ئەتروش بە تەنها دوبارەی کردەوە، لە هەڵەبجەش هاوبەشیکرد"** هەرچەندە لە دوا ساتەکانی نزیك لە هێرشەکە" هەڵەبجە" ناڕەزایەتی لە نێو سەرکردایەتی پارتیدا بەرز بووەوە، لە ترسی دوبارە بونەوەی روداوەکەی حاجی هۆمەران و کارەساتی بارزانییەکان

– کۆمەڵکوژی کورد لە جەنگی ئێران –عێراقدا, عادیل سدیق عەلی, ل260–261 .".,  **دەبینین** ئەزموون لە دڕندانەترین پەرچەکرداری تا ئەو دەمی ڕژێم وەرناگرێت بەرامبەر بە گەلەکەی تەنانەت کەسە نزیکەکانی سەرۆکەکانی , لە داهاتوو دێت زنجیرەیەك چالاکی سەربازی هاوبەش , لەگەڵ هێزەکانی ئێرانی دژ بە سوپای عێراق بە ئاشکرا و لە قولایی وڵاتدا لە زاخۆوە بۆ هەڵەبجە ئەنجام دەداتەوە, بەم کارەشیان بوونە پۆلیسی ئێران لە کوردستان , بەڵام مەخفەرەکەیان لە ئێران بوو , لەو دیوەوە نەخشەیان بۆ دادەڕێژرا , لەم دیو کوردیان دەکردە سوتەمەنی نەخشەکانیان, بەم شێوەیە هەموویان بەشدارن لە مێژوویەکی هاوبەش لێ مێژوویەکی هەتیو تا ئێستا دانی پێدا نانێن.

## بۆچی حاجی ئۆمەران !!

شەڕی حاجی ئۆمەران بۆ هەریەکە لە پارتی دیموکراتی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران گرنگی تایبەتی خۆیان هەبوو, بۆ ئێرانیەکان لە پاڵ سەرکەوتنە سەربازییەکە بەسەر عێراقدا, هاوکات دەروازەیەکیش بوو بۆ ئەوەی کوردستان بکاتە بەشێك لە جەنگەکە و بەرەکەی بەرفراوان بکاتەوە کە خاوەند هێزێکی زۆری مرۆیی بوو, هاوکات بەسەر نەیارەکانیدا لە هێزە رۆژهەلاتییەکان سەرکەوێت لە کوردستان, ناوچەیەکی بەرزایی ستراتیژی دەیتوانی لەوێوە جوڵەی هێزەکانی دیموکرات و کۆمەڵە لە ناوچەکانی پیرنشار و شنۆو .... کۆنترۆڵ بکات و بارەگاکانی پشت جەبهەیان پێ چۆڵ بکات و سنووری چالاکیەکانیان بەرتەسك بکاتەوە, بۆ ئێران سەرکەوتنەکە دوولایەنە بوو هەم بەسەر عێراق و هەم بەسەر کورددا , لە لایەکی دیکەوە ئێران پێویستی بەسەرکەوتنێکی وا هەبوو, کە 104 رۆژ لەوە پێش لە 10ی ئەپرێلی 2003, لە فەجری یەکدا لەناوچەی دیزفول تووشی تێکشکانێکی کەمەر شکێن ببوو, زیانەکانی سێ هێندە زیانەکانی سوپای عێراق بوو, چوو بۆ سەرکەوتن تا بەسرا لە بەغدا داببڕێت, کەچی نە یا ئەڵای دەستپێکی شەڕەکە و نە تەم و تومانی ئەو بهارەی زەلکاوەکانی عەمارە فریای نەکەوت, فڕۆکە مەرگ هێنەرەکانی عێراق درەوی سوپاکەیان کرد لەو بیابان و زەنکاوە پان و بەرینە, فەجری یەك بووە یەکێك لە گەورەترین شکستەکانی سوپای ئێران لەماوەی 8 ساڵەی شەڕی عێراق ئێراندا, ئامانجی فەجری 2 بۆ ئێرانیەکان وەك خۆیان ئاماژەی پێ دەدەن " لێدانی دژ بە شۆرش" حدکا", 2– بەهیز کردنی کوردە موسڵمانەکانی عێراق وەك خۆیان دەڵێن, مەبەستی هاوکارانی لە هێزە کوردییەکان لەو کاتدا, 3–زەمینە خۆشکردن بۆ ئەنجامدانی شەر لەناو خاکی عێراق, 4– پاراستنی شاری پیرانشار لە هەر جۆرە پەلامارێك, 5–خۆشکردنی زەمینە بۆ لێدانی چاڵە نەوتیەکانی کەرکووک " مروری بر عملیات والفجر ۲

https://www.magiran.com/article/1156413 , لە هەمووشی گرنگتر بۆ ئەو چرکە ساتە سارێژکردنەوەی برینی شکستی فەجری یەك بوو, لە پێناو بەرز کردنەوەی ورەی سوپا شکست خواردووەکەی.

"هێزەکانی ئێران لە رێگای چاوساغەکانیەوە دزەی کردە ناو عێراقەوە بە قوڵایی 16 کیلۆمەتر و دەستی بەسەر زۆر بەرزایی و سەربازگەو 43 گونددا گرت, لەناویاندا بارەگای سەرکردایەتی حدکا , بە پێی بۆچون ئێرانیەکان ناوچەکە لە روی ستراتیجیەوە گرنگی نەبوو, بەڵام ئۆپۆزسیۆنی کوردی رۆژهەڵاتی لاواز کرد, هاوکات لەو ناوچەیە

حکومەتی عێراقی لە مەنفا دامەزراند, بەدوای ئەم شەڕە دوو روداو رویاندا, رێکەوتنی عێراق لە گەڵ تورکیاو واژۆ کردنی پەیمانی ئەمنی هاوبەش, مفاوەزاتی ینك لە گەڵ بەغدا.
."http://www.moqatel.com/openshare/Behoth/Siasia2/IranIraqAr/sec14.doc_cvt.htm

"لە 29ی تیرماهی 1362 لە میحوەری پیرانشار - حاجی ئۆمەران لە لایەن هێزە چەکدارەکانی ئێران و هێزەکانی کوردی عێراقەوە هێرش ئەنجامدرا, بە دروشمی یا ئەڵا و بەناوی فەجری 2, لە ژێر سەرکردایەتیەکی هاوبەشدا, توانرا 200 کیلۆمەتر چوار گۆشە خاك داگیر بکرێت, لە ئەنجامی شەڕەکە سەربازگەی تەمەر چین و سەربازگەی حاجی ئۆمەران ,گومرگی سنور, هاوکات چەندین شاخی بەرزی وەك کۆدۆ 3000 مەتری و گردمەند2519 مەتری و ئازادی 3700 مەتری و چەندین شارە دێی وەك رایات و ئازادی و زینیوێ و , مەمی خەلان و .... دەستیان بەسەردا گیرا. لە شەڕەکە 24 گوردانی هاوبەش پاسدارو سوپا بەشداریيان کرد, کە 17یان لە ئوستانی فارسەوە هاتبوون
https://what.sapp.ir/emtedad_fars/1532093192345b36c2bcDOEc-%D8%AE%D8%A7%D9%86%D9%87-%D8%B4%D8%B1%DB%8C%D8%AD-%D8%A8%D8%B1%D8%A7%DB%8C-%D9%86%D9%85%DB%8C-
."%D9%86%DA%AF%D8%A7%D9%87

"فەجری 2 ناوی ئەو شەڕە هاوبەشەیە, کە هێزەکانی ئێران بە هاوکاری کوردەکانی عێراق" لەوکاتە هەر پدك" بوو, ئەنجامیاندا, تیایدا توانرا بەرزاییەکانی 2519, 2120, 1970,2062 و 80 رەبایە, 200 کیلۆمەتر چوار گۆشەو 60 تانك و 150 زرێپۆش بگرترێت و هاوکات بووە هۆی 4000کوژراوو بریندارى عێراقی, 510 دیل و خستنە خوارەوەی 9 فرۆکەو زیانێکی زۆری مادی دی بە سوپای عێراقی ,
."https://fa.wikipedia.org/wiki/%D8%B9%D9%85%D9%84%DB%8C%D8%A7%D8%AA_%D9%88%D8%A7%D9%84%D9%81%D8%AC%D8%B1_%DB%B2

هێرشی ئێران و پارتی دیموکرات بۆسەر ناوچەی حاجی ئۆمەران لە 22ی تەموز و گرتنی هەردوو چیایی کۆدۆ و گردەمەندیل و ئازادی و کۆمەڵێك چیای بەرزی دیکە ، هەروەها نێوچەکانی شیوەڕەش، ماوەتان، حاجی ئۆمەران، خەلان، زینوێ، ئالانە، ئازادی، بابکراوە، رایات، رەشەمێ، گوندە ژێر و گەلە ژێرو بەشێوەی گشتی 43 گوند و شارە گوندی داگیرکرد.

بەڵام بە پێی هەندێك سەرچاوەی دی, لە هێرشی هاوبەشی سوپای ئێرانی و کوردەکان, 390 کیلۆمەتر دووجار لەخاکی عێراق ئازاد کراوە
."https://fa.wikipedia.org/wiki/%D8%B9%D9%85%D9%84%DB%8C%D8%A7%D8%AA_%D9%88%D8%A7%D9%84%D9%81%D8%AC%D8%B1_%DB%B2

ئەم هێرشە هاوبەشە, جگە لە شوێنبزر کردنی 8000 بارزانی بێتاوان, دەرگای جهەنەمی بەکارهێنانی چەکی کیمیاویشی لە کوردستان کردەوە"بە گازی خەردەل 100 کەس لە سوپای ئێران و کوردە هاوپەیمانەکانی پێوە بوون –
." https://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%A8%D8%B1%D9%86%D8%A7%D9%85%D8%AC_%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D9%82_%D9%84%D9%84%D8%A3%D8%B3%D9%84%D8%AD%D8%A9_%D8%A7%D9%84%D9%83%D9%8A%D9%85%D8%A7%D9%88%D9%8A%D8%A9

لێ هەرچی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستانە, بە بەشداریکردنی لە شەڕەکە لە لایەکەوە دڵسۆزی خۆی سەلماندەوە بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران, لە ڕێگەی ئەو کارەوە شەرعیەتی مانەوەی لە ئێران و هاوکاریکردنی لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە وەرگرت, کە دەرکردنی پارتی ببوە خاڵێکی بەرنامەی هێزەکانی رۆژهەڵات لە گفتوگۆکانیان لە گەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران, پێشتریش لە ناوچەکانی پیرانشارو شنۆو تەرگەوەڕو مەرگەوەڕ زۆر چالاکی هاوبەشیان ئەنجام دابوو, لە لایەکی دیکەوە پارتی دەیەویست تۆڵەی خۆی لە ینك بکاتەوە کە 86 رۆژ لەوەپێش لە دوا سەنگەر لە قەڕناقاو پشت ئاشان دەرکران, شەڕی حاجی ئۆمەران هاوکات بوو لە گەڵ شەڕێکی دی بەناوی قەندیلی 2, کە ناوچەکانیشیان هاوسنووری یەکە.

ئەمەو دەڤەری حاجی ئۆمەران ناوچەیەکی ستراتیژی سەربازی گرنگ بوو, ناوچەی قەڵەمڕەوی ینك بوو, هاوسنوور بوو لەگەڵ ناوچەکانی قەڵەمڕەوی ئەو, بەسانایی دەیتوانی پاش جەنگ کۆنترۆڵی بکات و بیخاتە سەر ناوچەکانی ژێر

دەسەڵاتی خۆی, کە شوێنی سەرکردایەتی ئەو بوو لە بزاڤی چەکداری ئەیلولدا, هیلتەرمان ئاوا باسی ئەم لایەنە دەکات (( پەیوەندی توندوتۆڵی نێوان ئێران و پارتی دیموکراتی کوردستان, بە جارێ عێراقییەکانی نیگەران کردبوو, لە پاش هەرەسهێنانی شۆڕشی بارزانی لە ساڵی1975دا, سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان(کە لە مەلا مستەفاوە چووبووە لای ئیدریس و مەسعودی کوڕی) بە ئاوارەیی لە ئێران دەژیا, دەستدرێژی عێراق, هیوای بە (پ د ك) پەیدا کردەوەو لە ساڵی1983دا پاڵپشتییەکی چالاکانەی شەڕی هێزەکانی ئێرانی دەکرد وەك ڕێنماو شارەزایی زانیاری تەواوی بارزانیەکان, بە تایبەت لەسەر ناوچەی عەشیرەتی برادۆستی کە هاوسنوور بوون لە گەڵیان, یارمەتییەکی گەورە بوو بۆ ئێرانییەکان, کە توانیان لە کۆتایی تەمووزدا حاجی ئۆمەران و دەوروپشتی بگرن, کوردۆسمان واگنەر ڕاپۆرتی ئەوە دەدەن کەوا ئێرانیەکان لەو کاتەدا نزیکەی دە میل هاتوونەتە ناو خاکی عێراقەوەو "سەربازگەی حاجی ئۆمەرانی سەر بە فەیلەقی یەك, بەرزاییە سەرەکییەکان و بنکەکانی تۆپخانە لە ناوچەکەدا, نزیکەی 43گوندی کوردنشین,بنکەیەکی سەرەکی حدکا و زۆربەی کەلو پەل و تفاقی جەنگیی حدکایان گرت" کارێکی ژەهراوی-یۆست هلتەرمان، وەرگێڕانی محەمەد حەمە ساڵەح تۆفیق-کۆمپانیای ئاوێنەل39 )), هاوکات دەیەویست کێشکەیەکی دیش بە هەمان بەرد بکوژێت ئەویش عەشیرەتی برادۆستە (( هێرشی حاجی ئۆمەران هەلێکی بۆ پدك ڕەخساند حساباتی خۆی لەگەڵ عەشیرەتی برادۆستدا یەکلا بکاتەوە, کە ناحەزییەکی کۆنیان لە نێواندا بوو, بەهۆی پێگەی ئەم عەشیرەتەوە لە نێوان قەڵەمڕەوی بارزانی و سنوری ئێراندا. میلشیاکانی برادۆست بە پشتگیریی بەغدا ڕۆڵێکی بەرچاوی بەرگریکردنیان بینی لە ناوچەی عەشیرەتەکەیان. بە پێی سروشتی سیاسەتی کوردی, ئەوە بوو کە دوژمنایەتی پدك بۆ عەشیرەتی برادۆستی و دژایەتی مێژوویی نێوان پدك و ینك ,هاوپەیمانییەکی تەکتیکی لێکەوتەوە یەکەم لە نێوان ینك و برادۆستییەکان و دواتر لە نێوان ینك و ڕژێمی بەغدا کارێکی ژەهراوی-یۆست هلتەرمان، وەرگێڕانی محەمەد حەمە ساڵەح تۆفیق-کۆمپانیای ئاوێنەل118. )) .(( حاجی ئۆمەران ناکۆکی ینك و پدکی قوڵتر کردەوە, پەیوەندی بەهێز بوو لە گەڵ قاسملوو - کارێکی ژەهراوی-یۆست هلتەرمان، وەرگێڕانی محەمەد حەمە ساڵەح تۆفیق-کۆمپانیای ئاوێنەل42)), هەر ئەمەش وایکرد دوای شەڕەکە " ... ڕژێم لە کانوونی دووەمی 1983دا لە ڕێگەی عەبدوالڕەحمان قاسملووە بە نهێنی کەوتە گفتوگۆوە لەگەڵ ینك- کۆمەڵکوژی کورد لە جەنگی ئێران- عێراقدا, عادل سدیق عەلی, 2018, ل 105 . ".

پارتی لەوکاتەدا ململانێ و شەڕی توندی لەگەڵ حدکا هەبوو ئەوەش بە بەشێك لەو جەنگە هاتە ژماردن, لە ساڵی 1979ەوە چەند خولی شەڕی قورسیان ئەنجامدابوو, تا گەیشتە ئەوەی پارتی بەشداری لە هەندێك شەڕی گرتنەوەی شارو ناوچەکانی ڕۆژهەڵات بکات, هلتەرمان ئاوا باسی ئەم لایەنە لە جەنگەکە دەکات ((یەکەمین تۆمارکردنی هێرش و پەلامارەکانی گاز بە شێوەیەکی ورد و تۆکمە, لە تەموز و ئابی ساڵی1983دا بوو, کاتێك هێزەکانی ئێران و عێراق کەوتنە شەڕێکی سەختەوە لە چیاکانی سەروی حاجی ئۆمەرانەوە, کە شارۆچکەیەکی سەر سنووری لە کوردستانی عێراقدا, شەڕەکە , بێجگە لە هێرشی وەلفەجر دووی ئێرانی, بەشێوەیەکی سەرەکی مەبەستی دەرپەڕاندنی یاخیبووە کوردە ئێرانیەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان(حدکا)ی سەر بە عەبدالڕەحمان

قاسملوو بوو, پاشان جێگیربوون لەو شوێنەدا کە یاخیبووان چۆڵیانکردو بۆ ناو عێراق پاشەکشەیان کردبوو,لەم هێرشەدا گرووپە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراق دایانە پاڵ هێزەکانی ئێران و بەرچاوترینیان (پ د ک)ی مەسعود بارزانی بوو, لە گەڵ هەندێ تاقمی تازە پەیدا بووی فەیلەقی بەدر و میلیشیای چەکداری سەر بە ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق, کە گروپێکی ئۆپۆزسیۆنی شیعە بوون, ساڵی1982 لەسەر دەستی ئێران درووست بوون و بنکە و بارەگاکانیان لە تاران بوو, لەملاشەوە نەك تەنها (حدکا)پاڵپشتی هێزەکانی ئێراقی دەکرد, بەڵکو ئەو کوردە ئێراقیانەی ناوچەکەش کە ناحەزی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون و بە تایبەتی هێزێکی عەشیرەتی برادۆستی کەوا سەرۆکەکەی کەریم خانی برادۆستی موستەشار بوو, دواتر سەدام چەندین جار مەدالیای ئازایەتی پیێ بەخشی کارێکی ژەهراوی–یۆست هلتەرمان، وەرگێڕانی محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق–کۆمپانیای ئاوێنە(ل38–39) )) .

کەواتە هەردوولای پەلاماردەر پێویستیان بەو جەنگە هاوبەشە هەبوو, هەردوولاشیان پێویستیان به سەرکەوتن هەبوو لەو کات وساتەدا, پارتی بەهۆی سەرکەوتنەکانی ینك بەسەر بەرەی جود, دەیەویست سارێژی برینەکە بکاتەوە, کە ئەو تەنها لە روی قەڵەمڕەوییەوە دەرکرابوو, دەنا زیانە مرۆییەکان لە شیوعی و حسك و پاسۆك کەوتبوو, ئێرانیش بۆ بەرینکردنەوەی بەرەی جەنگ و تەعویزی زیانەکانی باشوور, ئەم پێویستییە بووە دەستپێکی مۆدێلێکی کاری هاوبەش لە نێوان هەندێك لایەنی کوردی و ئێران, ئێران وەك سودمەندی یەکەم لەم تاقیکردنەوەیە دەرچوو و براوەی کایەکە بوو.

**بۆ مێژووش بە وتەی شایەدحاڵێکیپێش هێرشەکەی ئێران بۆسەر حاجی ئۆمەران, هێزێکی چەند نەفەری پاسداران دێنە کوێستانەکانی هەلگۆرد و لەوێوە پەیوەندی دەکەن بە هێزێکی حسك کە لەو ناوچەیە دەبێت داوای هاوکاریان لێدەکەن تا مەفرەزەیکیان بچێتە دۆڵی روستێ، دواتر ئاشکر دەبێت کە مەبەستیان لە گەیشتن بەو ناوچەیە تەقاندنەوەی پردەکان بووە لەسەر رێگای هاملتۆن بە تایبەت پردی بەرسیرین , سەبارەت بەو داوایە هەریەك لە سەید کاکە و مامۆستا سەعد عەبدوڵا رازی دەبن, بەڵام ئەو هێزەی ح س ك کە خەڵکی ناوچەکە دەبن و فەرماندەکەیان شەهید ئەحمەد فەقێ رەش دەبێت لەگەل کادیرەکانی حسك دژ بەو داوایە دەوەستنەوە بە تایبەتیش ئەنوەری سمایل ئاغا, بۆیە هەوڵی سوپای پاسداران لە تەقاندنەوەی پردی بەرسیرین لەسەر جادەی هاملتۆن شکست دێنێت, وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر هاوکاری نەکردنیان هێزەکەی پاسداران ئەو چەند چەکە دەبەنەوە کە بریار بوو بیدەنە هێزەکەی سەید کاکە کە پێکهاتبوو لە قەناسێك و بیکەی سی یەك و چەند چەکێکی سووکی تر, بەم شێوەیە حسك کە لەوکاتە هێزێکی سەرەکی ناوچەی هەولێر بوو بەشداری شەڕەکە ناکات.**

## ئەو پرسیارانەی دەبوایا هەنووکە وەڵامیان هەبوایا !!!

**کۆمەڵێك زانیاری دەبوایا لە بەردەستدا بێت , بۆ راڤە کردنی هەمە لایەنەی هێرشەکە , پێویست بوو وەڵامی هەموو ئەم پرسیارنە بە سانایی لە ئەرشیفدا جنگ بکەوتنایە, سەبارەت بە پرۆتۆکۆڵی واژۆکراوی نێوان پارتی وئێران بۆ ئەنجامدانی پەلامارەکە و ئازاد کردنی ئەو بەڵگە و دۆکۆمێنتانەی قەراردادی نێوان هەردوو لابوو بۆ ئەنجامدای ئەو پەلامارە سەربازییە , ئایا ئەندزیار و خاوەند بیرۆکەی کارەکە کێ بووه؟ ئەدی ئیمزا کەرەکەی ؟, بەرپرسی سیاسی و دیبلۆماسیکەی ؟ کەسی یەکەمی سەربازی ؟ ,هێزەکان کێ بوون ؟, چەند بوون ؟ لەسەر چی رێك کەوتن ؟ ,**

له روی سەربازی و كارگێڕی و سیاسییەوە؟, وە چۆنیەتی ئە نجامدانی ئەوكارە سەربازییە ؟؟, نەخشە و پلانەكانی ,فەرماندە و لەشكرەكەی لەڕوی كەسەكان و ژمارەیان ؟, روداوەكانی ناو بەرەكانی جەنگ ؟, دەستكەوت و زیانەكان ,قوربانی و بریندار وشەهیدەكان, كاریگەری لەسەر ناوچەی جەنگەكە؟, فەرماندەی گشتی و ناوچەیی پەلامارەكە؟ ,زیانی هاووڵاتیان گیانی ومادی, رۆڵی پارتی و فەرماندەكانی له پەلامارەكە ؟؟, پاشكۆی هێزەكانی كۆماری ئیسلامی ئێران بوون یان تەنها كاری هەواڵگریان دەكرد دوور بەدوور ؟, پاراستنی سەروت و سامانی خەڵك ,خاڵی دەستپێكی پەلامارەكە لە كوێوە دەستی پێكرد ؟ ,هەڵوێستیان لە پارستنی پێشمەرگەكانی ڕۆژهەڵات چی بوو ؟ , سەبارەت بە هەموو ئەم پرسیارانە نە بە بەڵگە نامە ,نە یاداشتنامە و وتاری بەرپرسانی بەشدار بووی ئەو كات , هەڵسەنگندنی لە كۆنگرەو كۆنفرانسەكاندا...هیچ زانیاریەك لە بەردەستدا نییە, بۆیە لێكۆڵینەوە لە سەر ئەم پەلامارە بەهۆی ئازاد نەكردنی زانیارییەكانەوە زۆر سەختە و كەماسی دێنێت, ئۆباڵیشی لە ئەستۆی پدك ە, نەبوونی هەموو ئەم زانیاریانەو شاردنەوەیان لە مێژوو وا ناكات بڵێین پارتی بەشداری نەكردووە, وەك خۆیان ئیدعای دەكەن, بەڵكە نووسراوەكانی ئێرانی و بیانی و ئاماژەكانی كەسایەتیەكان ناوخۆو خەڵكی حاجی ئۆمەران دەیسەلمێنن بەشدار بوونە .

## شێوازی گرتنی خەڵكەكە لە لایەن بەعسەوە

لەم بڕگەیەدا وێرای ئەوەی بەعس لە دۆكۆمێنت و نامەكانیدا ئاماژەی داوە بە گرتنی ئەو هاووڵاتیانە, لێ ئێمە پشت بە دوو سەرچاوە دەبەستین , یەكەمیان پشكنینی چالاكڤانێكی قوربانییە و دوەمیان مورافەعەی داواكاری گشتییە كە ئامادەكراوە بۆ دادگای تاوانباری دۆسیەی 8000 بارزانی, هەردوو ئەحداسەكانی ئەنجام دانی تاونەكە و میكانیزمی جێبەجێكردنی بە هەندێك جیاوازیی كەمەوە نزیكن لەیەكتر .

كاك ڕێكار مزووری بەم شێوەیە پرۆسەی ئەنجامدانی تاوانەكەمان بۆ دەگێڕێتەوە: (( لە 29-7-1983 شێخ عوسمانی كوڕی شێخ ئەحمەدی بارزانی لە گەڵ كوڕەكەی شێخ عیماد لە هەولێرەوە بەڕێكران بۆ بەغدا بە بیانووی كۆبونەوە لە بەرواری 0-7-1983, هەندێك لە شێخەكانی بارزان وبارزانییەكانی دەوروبەریان لە بەغدا كۆكرانەوەو دەست بەسەر كران.)) .

(( بە هێزێكی گەورەی پاسەوانی كۆماری و تانك و تۆپ و فرۆكەی هەلیكۆپتەر هەردوو كۆمەڵگای قادسیە و قودس لە ناحیەی قوشتەپە كۆنترۆڵكران سەربازەكان و ئەفسەرەكانی بەعس رژانە ناو ماڵەكان بە بڵندگۆ بانگەوازی خەڵكەكەیان دەكرد و پێیان رادەگەیاندن كە دەبێ هەموو ئامادە بن بۆ ئەوەی كۆبونەوەیەكی بەرفراوان لە كەركوك هەیە دوای دەیان گەرێننەوە, لە دوای ئامادە نەبوونی خەڵكەكە دەستكرا بە پشكنینی ماڵەكان بە گشتی بگرە سەروی منالی تەمەن10ساڵی تاوەك پیرەمێردی 90ساڵیان گرت و ڕەوانەی ناو پاسی پەردەكراوی سەربازی كران و گوێزرانەوە بۆ شوێنێكی نادیار لەم قۆناغە ڕێژەیەكی زۆر دەستگیر كران. )) .

(( له ڕێکەوتی 10-8-1983به هەمان شێوەی پێشوتر کۆمەڵگاکانی بەحرکە, حەریر ودیانا کۆنترۆڵ کران دەستکرا بە پشکنینی ماڵەکان ئەو نێرینەی بەر دەستیان کەوت ڕاپێچی ناو پاسەکان کران وگوێزرانەوە بۆ شوێنێکی نادیار. )) .

((له ڕێکەوتی 11-8-1983 هەردو کۆمەڵگەی قودس و قادسیە دوبارە کۆنترۆڵکرانەوە و بەهێزی ئەمن و ئیستخبارات ماڵ بە ماڵ دەگەڕان و ئەو مێرد منداڵانەی دایکیان جاری پێشووتر لە ناو کەنتۆر و سەلاجە وشوێنە نادیارەکان دا شاردبویانەوە دەستگیران و بێسەروشوینکران)) (( ل202. شێواز و میکانیزمی جینۆساید و دیمۆسایدی بارزانییەکان – ڕێکار مزوری )) .

هەرچی لە مورافەعەی داواکاریی گشتییە, دەقی ڕوداوەکە بەم شێوەیەی خوارەوە دەگێڕێتەوە :

---

((له 1983_7_30 پیاوانی رژێمی پێشوو شێخ عوسمان و شێخ ئەحمەد و کوڕانی عیماد و رەزوانیان دوای تەبلیغکردنیان بە ئامادەبوون لە کۆشکی کۆماری دەستگیرکرد. )) .

((له 1983_7_31ش کۆمەڵگەکانی -قودس و قادسیە- لە ناحیەی قوشتەپە تەوقدران، ئەو کۆمەڵگایەش دەکەوێتە سەر رێگای هەولێر کەرکووک کە کۆمەڵگەی زۆرەملێ بوون و تایبەت بوو بەو بارزانیانەی دەستگیرکراون و بە زۆر لە لادێکانیانەوە لە ساڵی 1975ەوە رەوانەی ئەوێ کرابن دوای ئەوەی ماوەیەك لە پارێزگاکانی باشوور بوون و بەزۆر ڕەوانەی ئەو کۆمەڵگایانە کران و هەزاران کوردی بارزانیش لە رەگەزی نێر لە تەمەنی 10،5 ساڵی تا زیاتر لە 70 ساڵی دەستگیرکران ئەو ئۆپەراسیۆنەش لەلایەن هێزێکی گەورەوە جێبەجێ کرا ئەو هێزەش لە ئاسایش و حەرەسی جمهوری پێکهاتبوو بەوپەڕی نهێنییەوە جێبەجێکرا. دەستگیرکراوانیش پێیان گوترابوو کە دەچنە کۆبوونەوەیەك و دەگەڕێنەوە، بەڵام دواتر بەرەو کەرکووك گوێزرانەوە )).

(( له 1983_8_10 جارێکی دیکە هەزاران کورد لە رەگەزی نێر لە عەشیرەتی بارزانی دەستگیرکران. هەمان هێزی ناوبراو ئەو کارەی جێبەجێکرد ئەو جارە لە کۆمەڵگاکانی بەحرکە و دیانا و مێرگەسوور هیچ کەسێکیش لەوان بە گەورەو بچووك هەڵاوێرد نەکران نەمنداڵ نە پیر نە نەخۆش نە فەرمانبەری دەوڵەت. )).

(( وردەکاریی یاسایی بەپێی پێداچوونەوەی ئیفادەی شکایەتکاران و شایەدحاڵەکان دوای رووپێوی ناوچەکەش ئاشکرابوو لە 1983_7_30 و 1983_7_31 و 1983_8_15 هەزاران کوردی بارزانی لەلایەن هێزەکانی ئاسایش و حەرەسی جمهووری دەستگیرکران و بەرەو چارەنووسێکی نادیار بردران و خانەوادەکانیان لەبارودۆخێکی سەختدا دەژیان و پەیوەندییان بە کەسوکاریانەوە پچڕا. )).

(( ئەو شاڵاوانە لە بەرەبەیانی رۆژی 1983_7_31 دەستیان پێکرد کاتێ هێزە سەربازی و ئەمنییەکان کۆمەڵگەی قوشتەپەیان پەلاماردا لە نزیك شاری هەولێر.

لە شەوی 1983_8_9 و 10 دا کۆمەڵگای هەریر لە هەولێر پەلامار دراو هەموو کوڕو پیاوان تیایدا دەستگیرکران. )).

(( لەرۆژی 1983_9_26 دا ناحیەی سەلاحەددین بەشێکی دیکەی قوربانیان دەستگیرکران. )).

فەرمانی سەرکردایەتیش بە ئاشکرا داوای دەستگیکردنی پیاوانی دەکرد بەتایبەتی ئەوانەی تەمەنیان لە 15 ساڵ بەدواوەیە بەڵام تاوانباران منداڵانیشیان دەستگیرکردو ژنانیان بەبێ بەرپرس و بەخێوکەر جێهێشت و هەژارییان زیاتر بوو لە نێو برسێتی و ئەوان باوك و کوڕو برایان لەدەستدا دەستگیرکراوان لەپاسی گەورەی

ئامادەکراو بۆ ئەو مەسەلەیە کۆکرانەوەو بۆ بەغدا دواتر بۆ باشوور گوازرانەوە. )). (( پرۆسەی دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەنفال.. داواکاری گشتی: تاکە تاوانی ئەنفالکراوانی بارزان کورد بوون و بارزانی بوونیان بوو-04-Mar 2009-خەبات )) .

ئەو گیراوانە لە کاتی بردنیان بۆ بەغدا، وەکو دیلی جەنگی بەرەی حاجی ئۆمەران نیشان دران" حکومەتی عێراق و جینۆسایدی بارزانییەکان پرۆفیسۆری هاریکار دکتور عەلی تەتەرتابیەت بۆ گو لان نوسیویەتی

", واتا هەر لەیەکەم ساتەوە وەك دیل مامەڵەیان لە گەڵدا کراوە, بەڵام مافی دیل بە پێی رێکەوتنامەی جنێف مامەڵەی پێ نەکراوە .

## هۆکاری گرتنیان !!

**بەهانەی رژێم بۆ نێر قڕکردنی بارزانییەکان , تۆڵە کردنەوە بوو لە پارتی و سەرۆکەکەی لە ئاکامی ئەو هێرشە هاوبەشەیان بوو لە گەڵ ئێرانیەکان بۆ سەر ناوچەی حاجی ئۆمەران وگردمەند کردیان, با بزانین لە روانگە جیاجیاکانەوە چی وتراوە سەبارەت بە هۆکاری ئەو پەرچە کردارەی بەعس .**

سامانسا پاوەر دەڵێت: کوردەکان هەمیشە فورسەتخواز بوون, کاتێکیش جەنگی ئێراق–ئێران دەستیپێکرد, هەردوو حیزبە سەرەکییەکەی کورد بونە هاوپەیمانی ئێران. لە ساڵی 1982 دا یەکێك لەم لایەنە سەرەکیانە (لایەنگری بارزانی) یارمەتی هێزەکانی ئێرانیان دا بۆ گرتنی شارێکی سنووریی, بە ناوی حاجی هۆمەران. هێزەکانی ئێراق بە شینەیی تۆڵەیان کردەوە نزیکەی 8000 پیاوی کوردی سەر بە خێڵی بارزانیان دەستگیرکرد,لە ناویاندا 315 منداڵ هەبوون ,تەمەنیان لە نێوان هەشت و حەڤدە ساڵاندا بوو.

سەدام گوتی :خیانەتیان لە وڵاتەکەیان و لە یاسا کرد, ئێمەش سزایەکی ووندمان بۆ برینەوە و چوونە بۆ دۆزەخ." بەشی 3 ئەمەریکا و ئانفال ئەنفال و ئامەریکا–سەمانسا پاوەر –و.بەختیار کەریم ".

توێژەر یۆست هلتەرمان دەڵێت : رووداوەکانی حاجی ئۆمەران سێ دەرەنجامی گرنگی لێکەوتەوە ,بۆ سزادانی (پدك) لە بەر ئاسانکاریی کردنی بۆ سەرکەوتنی ئێرانیەکان لە حاجی ئۆمەراندا, رژێمی بەعس تەواوی نێرینەی سەر بە عەشیرەتی بارزانی راپێچکرد,کە زۆریان لە پاش هەرەسی ساڵی1975ی شۆڕشی ەوە بارزانیەوە ناچاری نیشتەجێی کۆمەڵگاکانی دەوروپشتی هەولێر کرابوون, لە30تەموزدا لە نێوان 5000تا8000 پیاوی بارزانی ,کە ژمارەی راستەقینەیان بە تەواوی نازانرێت–گیران و راپێچکران و هەرگیز جارێکی دیکە نەبینرانەوە, دوو مانگ دوای سەدام حوسێن لە وتاردانێکدا بێ سێ و دوو وتی:" ئەوانەی خیانەتیان بە نیشتمان وپەیمان کرد و ئێمە بە سزای سەختمان گەیاندن و رەوانەی دۆزەخمان کرد".ئەم تۆڵە سەندنەوەیە, بۆ ئاگادارکردنەوەیەکی هاوشێوەی میتۆد و ئەنجامی شاڵاوی ئەنفالی ساڵی1988ی تێدا بوو,کوشتاری بارزانیەکان بۆ رژێم رۆڵی راهێنان و خۆ ئامادەکردنیبینی بۆ کوردیش خۆی تامکردن و چەشنێکی بچووك بوو بۆ ئەوەی کە دواتر روویدا (کارێکی کیمیاوی –ل41–42 ) .

هەردوو رێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ و چاودێری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش باس لەم شەڕە هاوبەشەی پارتی و ئێران دەکەن بەم شێوەیەی خوارەو ئاماژە بەهۆکاری قڕکردنەکە دەدەن و دەنووسن: *KDP ئەو دەمە یەکێك لە کوڕانی*

*بارزانی , کە مەسعود  بوو , سەرکردایەتی دەکرد و هاوپەیمانێتی خۆی لەگەڵ تاراندا زیندوو کردبووەوە و لە ساڵی 1983 دا دەستەکانی KDP یارمەتی هێزەکانی ئێرانیان دا لە گرتنی شارۆچکەی حاجی ئۆمەرانی سەر سنوور .*
*تۆڵەی ئەمەش خێراو کتوپڕی بوو ! لە عەمەلیاتێکی لە ناکاودا بۆ سەر ئەو کۆمەڵگایەی بارزانییە ڕاگوێزراوەکانیان تێدا نیشتەجێ کرابوو , هێزەکانی عێراق لە نێوان پێنج بۆ شەش هەزار نێرینەیان ڕا فڕاند کە تەمەنیان لە دوانزە ساڵ وەبان بوو . ئەوانە جارێکی تر هەرگیز نەبینرانەوە بە زۆری وا پێدەچێت کەوا پاش ئەوەی چەندین مانگ بە دەستبەسەری ماونەتەوە , هەموو کوژراون ((* جینۆساید لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد ,وەرگێڕانی سیامەند موفتی زادە , چاپخانەی خاك – ل53 )) .
بەڵام رۆژنامەنوسێکی عەرەب دەنوسێت".... ئێران توانیی هەردوو ناوچەی حاجی ئۆمەران (9) لەمانگی تەمموزی 1983 و پێنجوێن(10) لەتشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا(3) داگیربکات، لەبەرامبەر ئەوەدا سەدام حسێن هەستی بەمەترسیی رەوشەکە کرد لەبەرەی باکوور، بۆیە بەدوو شێواز هەوڵیدا رووبەڕووی ئەو مەترسییانە ببێتەوە:
یەکەم: تۆڵەکردنەوە لەو بارزانیانەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان لەکوردستانی عیراق نوێنەرایەتی دەکردن، بەبیانووی یارمەتیدانی ئێران بۆ داگیرکردنی ناوچەی حاجی ئۆمەران.
لەو پرۆسانەی هێزەکانی رژێمی سەدام حسێن لەساڵی 1983دا ئەنجامیدا، ئەوەبوو هێزەکانی ئەمنی عام (11) و موخابەرات (12) نزیکەی هەشت هەزار کەسی مەدەنییان لەبارزانییەکان دەستگیرکرد کە لەکۆمەڵگەی ( قوش تەپە)ی نزیك هەولێر نیشتەجێبوونو لەپاش گوا ستنەوەیان بە لۆریە بار هەڵگرەکان، سەرجەمیان بەدە ستی رژێمەکەی سەدام کوژرانو لەگۆرە بەکۆمەڵەکاندا ژێرخاك نران(13). هەڵوێستی رۆژنامەگەریی مي سری لەبارەی جینۆسایدی گەلی کوردەوە رۆژنامەی ئەهرام بەنموونە د.مەحمود زاید 2013/4/28.
سەدام حوسێن لە وتەیەکدا لە ساڵی 1983 سەبارەت بە هەمان ڕوداو وتی: *ئەوانە خیانەتیان لە وڵات و خیانەتیشیان لە پەیمان کرد . بۆیە ئێمەش بە سزای توند و سەختمان گەیاندن و بۆ دۆزەخمان ناردن* – (( جینۆساید لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد ,ەرگێڕانی سیامەند موفتی زادە , چاپخانەی خاك – ل107–108 ) .

لە بەرامبەر ئەم بۆچوونە کە توێژەرانی بێلایەنی بیانی لە ئاکامی خوێندنەوەی وردی روداوەکان دوور لە بەرژەوەندی سیاسی و هەستداری , بە پشت بەستن بە شیکاری ورد و خوێندنەوەی بەڵگەنامەکان دەریان بڕیوە, لە بەرامبەردا دوو هەڵوێستی دژ بەم ئاراستەیەش دەخەینە بەر دەستتان :
(( سەدام لەسەر تەلەفزیۆن وتی ئەمانە خیانەتیان لە وڵات و لەپەیمان کرد و بۆیە ئێمەش بە سزای توند و سەختمان گەیاندن و ڕەوانەی دۆزەخمان کردن– ل204 )).(( گرتنی بەشێك لە ناوچە ستراتیژییەکانی حاجی ئۆمەران و دەوروبەری و شکستی لەشکری عێراقی لە ناوچەکەدا بەرامبەر بە لەشکری ئێران. ئەمەش بۆ دروستکردنی دووبەرەکی لە ناو بارزانییەکاندا و دڵدانەوەی هەڤاڵان و هەوادارانی بەعسییەکان و زیندوکردنەوەی دەروون و ورەی روخاوی سەربازانی جەنگی قادسیە )).(( میدل ئیست وۆچ لە پەرتووکی جینۆساید لەعێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆسەر کورددا دەڵێت :هۆکاری گرتنی بارزانییەکان گرتنی شارۆچکەی حاجی عومران بوو – شێواز میکانیزم

ی جینۆساید و دیمۆسایدی بارزانییەکان –ڕێکار مزوری –ل 204کۆنگرەی بەجیهانناساندی جینۆسایدی گەلی کورد–2008–چاپخانەی دەزگای ئاراس )) .

هەرچی داواکاری گشتی دۆسیەی جینۆسایدی بارزانییەکانە لە مرافەعەکەی خۆیدا لەدادگا لەم بارەیەوە دەڵێت : بە بیانووی ئەوەی ئەوان یارمەتی ئێرانیانیان دەدا. لەوانە یەکێك پرسیار بکات ئەگەر ژمارەی ئەوانەی لەسوپای ئێرانەوە زەلیل بوون دەبێ لە کورد چەند زەلیل بووبن؟ کەواتە ژمارەی هێزی هێرشبەری ئێرانی چەندە؟ ئایا دەکرێ ئافرەت ببنە وا بەستەی سوپای دەوڵەت؟ -پرۆسەی دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەنفال.-خەبات-4-3-2009 )) .

---

با بزانیین بەڕێز نەوشیروان مستەفا , کە یەکێك بوو لە کەسایەتییە گرنگەکانی ئەو سەردەمەی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد, لە پەرتووکی پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن لە دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق (1979–1983) چی دەربارەی ئەم کارەساتە وهۆکارەکانی نوسیووە :

*" گیرانی بارزانییەکان ئەوکاتەی ناوچەی حاجی هۆمەران بوو بوو بە مەیدانی گەرمی جەنگی عێراق – ئێران بنەماڵەی بارزانی و سەرانی پدك بە ئاشکرا هاوکارییان لەگەڵ هێزەکانی ئێران ئەکرد دژی جەیشی عێراقی . کۆکرد نەوەی دەنگ و باسی عێراق و هێزەکانی و , چاوساغی و ڕێبەری هێزەکانی ئێران و , هێنان و بردنی دێدەوانی تۆپخانەی ئێران ئەمە بەشێکی کەمی ئەو هاوکارییە ئاشکرایە بو . لە هێرشەکانیش دا ئەوان وەکو هێزی یارمەتدەر و خەریککەر و لێدانی پشتەوە بەشدار ئەبوون* (( پەنجەکان یەکتری ئە شکێنن , لە دیوی ناوەوەی ڕوداوە کانی کوردستانی عێراق 1979–1983 ل321 , نەوشیروان مستەفا )).

بەڕێزی بەردەوام دەبێت لەسەر بۆچونەکەی و دەنووسێت : *بەشدار بونی بنەماڵەی بارزانی و هێزەکانیان لە هێرشەکانی ناوچەی حاجی هۆمەران دا , لە لای صەدام جگە لەوەی بە خیانەتی نیشتمانی دا ئەنرا , بۆ خۆیشی بە خیانەت و دەسبڕین و فێڵ لێکردن ئەژمارد .*

*لێرەدا بەرێز کاك نەوشیروان تەئکید دەکاتەوە لەوەی پارتی بەشداری شەڕی حاجی ئۆمەرانی کردوو ئەو هاوکارییەی پارتی لەگەڵ ئێران خیانەت بووە , پاداشتی خیانەتکارانیش لای دەسەڵاتێکی فاشی دیارە چییە؟ .*

*نەوشیروان مستەفای کۆچکردوو درێژەی پێدەداو دەنووسێت : بارزانی یەکان لە عێراق مابونەوە لە ئۆردوگای بەحرکەو قوشتەپەدا کۆکرانەوە . زۆری پیاوەکانیان بووبوون بە چەك هەڵگری جەیشی شەعبی و بە دڵسۆزی ئەرکەکانی خۆیان بەجێ ئەهێنا* (( پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن , لە دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق 1979–1983 ل322 , نەوشیروان مستەفا )) .

لە ڕاستیدا لەوکاتە ژمارەیەکی زۆری هاوولاتیانی کوردستان تێکەڵ بە هێزە چەکداری و حیزبییەکانی بەعس ببوون , نەك تەنها بارزانیەکان, وێڕای ئەوەی جەیشی شەعبی بوونەکەی ئەو بارزانییە سڤیل و سادەو ساکارە نەخوێندەوارانە ئەگەر راستیش بێت ؟؟, کە لە ڕابردوودا قوربانی و بەرداشی هەموو جوڵانەوەیەکی چەکداری بوونە لە کوردستان , بە ئەندازەی پەیامەکانی هەندێك لە سەرانی ئەو کاتی ینك شەرمەزاری نەبووەو نییە , کە لە ساڵانی 83–1984, بۆ هەزاران قوتابی کوڕ و کچی مانگرتووی زانکۆی سەلاحەدین بەردەوام دەیان دا و دوبارەیان دەکردەوە , کە دەست بەرداری خوێندنەکەیان ببون , لە بەر ئەوەی ئامادەیی لەبەرکردنی بەرگی جەیشی شەعبیان نەبوو , کەچی پارتەکەی ئەوسای کۆچکردوو بەڕێز نەوشیروان مستەفا کە لەو کاتەدا بۆ خۆشی دووەم کەسایەتی ناو ینك بوو

داوای لەبەرکردنی بەرگی جەیش شەعبیان لەو خوێندکارە مانگرتووانە دەکرد یاخود نەرمیان دەنواند لە بەرامبەری , لە ترسی ئەوەی نەوەك مفاوەزاتەکەیان لە گەڵ ڕژێمدا هەڵبوەشێتەوە کە چەند مانگێك بوو لە بیابانەکانی سەماوە لە سوتگەی جەهەنمی ئەو گەرمایە بە کۆمەڵ بارزانییەکان گولە باران کران .

سزادانی سەرجەم عەشیرەتێك لە بەرامبەر کردەوەی پارتێکی سیاسی, کە سەرکردایەتیەکەی بە دەست ئەو بنەماڵەیەوە بوو, ئەمە بۆ خۆی سزادانێکی فاشیستانەیە, بارزانیەکان ئەم خێڵە پارێزگارە داخراوەی کوردەواری , کە بە توندی بە سەرکردایەتی خێڵەوە گرێدراون , لەوێشەوە بە پارتییەوە , چونکە لە لوتکەدا سەرکردایەتی پارتی و خێڵی بەرزانی یەك دەگرنەوە .

لە کاتێکدا ئەو خەڵکەی کۆمەڵکوژی کران , بۆ خۆیان لەو چرکە ساتە و لەحزە مێژوییەدا سڤیل بوون و هیچ پەیوەندییەکی سیاسی و ڕێکخستنیان بەو پارتەوە نەبووە , بگرە بەشێکیان بە پێچەوانەی بەرژەوەندییان کاریان دەکرد , بۆیە سەپۆرتکردنی ئەو کۆمەڵکوژییە زەقە بەهەر بەهانەیەك بێت تاوانە.

ئەوەی شایای باسە کۆچکردوو نەوشیروان مستەفا نەك ئەزموونی لەم تاوانەو شوێنەوارە مەرگ هێنەرەکانی وەرنەگرت, بگرە دوای سێ ساڵ بۆخۆی بووە سوارچاکی هەمان تەرز لە چالاکی هاوبەش لەگەڵ ئێرانیەکان لە کەرکوك و هەڵەبجە, کۆی گشتی 10 کاری سەربازی هاوبەش لەو ماوەیەدا بەناو فەتح ئەنجامدرا, کە زۆرینەی هێرش بوو بۆ سەر پرۆژە ئابوریەکان, بە لێدانی نەوتی کەرکوك لە 11 ی ئۆکتۆبەری 1986 , کە بە 11 ی سەپتمبەر پێشتر ناوم بردووە دەستی پێکرد, کە جەلال تاڵەبانی, مەسعود بارزانی, ئیدریس بارزانی, نەوشیروان مستەفاو ڕەسوڵ مەمەندو حەمەی حاجی مەحمود و مەلا عوسمان و مەلا عەلی بڕیار دەری سەرەکی بوون تیایدا, مێژوو نووس جەمال نەبەز دەڵێت" نەوشیروان مستەفا جگە لەوەی ئێرانی بە دۆست لە قەڵەم دابوو, هاوکارییە سەربازییەکانی ئێران و کارە هاوبەشەکانی لە گەڵ ئەو وڵاتەدا بە کارێکی باش و دروست لە قەڵەم دەدا – جەمال نەبەز –ئێستەو پاشەرۆژی ل 98 , کۆمەڵکوژی کورد لە جەنگی ئێران – عێراقدا.... ل 194".

## لێرەوە بەعس بوو بە کیمیا وەشێن! !

حاجی ئۆمەران ئەگەر یەکەمین ئەزموونی شەڕی هاوبەشی کورد–ئێران بوو لە چوار چێوەی شەڕی ئێران – عێراقدا, بۆ ئێران بووە شەڕێکی کەم مەسرەفی کاریگەری براوە, شەڕی لەسەر سنوورەکانەوە هێنایە ناو عێراقەوە , سنوورە لوغمکراوەکان و سەنگەرە مەحکەمەکانی عێراق بێ زیان گرتران و بڕان, لەو لاشەوە بۆ عێراق لە ئاکامی کاردانەوەی توند و بۆ ڕێگەگرتن لەدووبارەکردنەوەی ئەم تاکتیکە و ترساندنی لایەنی کوردی, بووە یەکەم ئەزموونی وەشاندنی چەکی کیمیاوی, بە پێی وتەی توێژەر ولێکۆلەر یۆست هیلتەرمان (( یەکەمین تۆمارکردنی هێرش و پەلامارەکانی گاز بە شێوەیەکی ورد و تۆکمە, لە تەموز و ئابی ساڵی1983دا بوو, کاتێك هێزەکانی ئێران و عێراق

کەوتنە شەڕێکی سەختەوە لە چیاکانی سەروی حاجی ئۆمەرانەوە, کە شارۆچکەیەکی سەر سنوورە لە کوردستانی عێراقدا – کارێکی ... ,ل38 ).


لەو پەلامارە کیمیاوییە قوربانی هەبووە ویکیپیدیا وەك ئاماژەمان پێدا بە 100 کوژراو بریندار دەیخەملێنێت, وەلێ مخابن تا ئێستا لە ئاماری وردی زیانەکان بە تایبەت کوردە بەشداربووەکانی شەڕەکە ئاگادارییەکمان نییە, نەخوازەلا ناوی قوربانی و بریندارەکانی, یۆس هیلتەرمان لەم بارەیەوە دەڵێت (( ئەو کوردە عێراقیانەی کە دکتۆر سوهرابی بینیبوونی زۆر پێدەچێت یەکەمین بەڵگەی تۆمارکراوی قوربانیانی گازی خەردەل بووبن لە کاتی جەنگدا ئێراق لەو دەمەدا پەنای بردە بەر گاز بۆ بەر پەرچدانەوەی هێرشێکی ئێرانی لە تەموز–ئابی 1983دا, کە یاخیبووانی هاوپەیمان لە پارتی دیموکراتی کوردستان(پ د ك) بوون بە پێشەنگی هێزەکانی ئێران بۆ سەر خاکی دوژمن , گازی خەردەل چەکێکی نوێی سامناك بوو, یەکەم جار بەکار هات لەو شەڕە )) . کەواتە ڕاستە کە حاجی ئۆمەران بوو بە وەچەرخان بۆ ئێراق لێرەوە چاوی کرایەوە و ترسی شکا و ئەزموونی پەیدا کرد و بوو بە کیمیا وەشێنێکی ناودار , دواتر لەو شوێنەی شوێن پێی ئێرانییەکان بوو لە باشووری کوردستان وەشاندی .

## ئەی بەڵگەنامەکانی بەعس چۆنمان بۆ دەگێڕنەوە ؟؟؟

دیارە بەعس چیرۆکە تۆقێنەرەکان و دڵ ڕەقی هێزەکانی و ژووری گازی سوتێنەری خۆرەتاوی سەربازگەکانی باشوور و بە کۆمەڵ کوژیان ناگێڕێتەوە بۆمان , باسی ئەو حەکایەتانە ناکات لە زیکتە جیا جیاکانی نیشتەجێی بارزانییەکان ئەنجامیان داوە, باسی ئەو ناخۆشی کۆمەڵکوژی و لە برسان و تێنا مردنە ناکات, باسی چیرۆکی خەونی ئەو 8000 کەسە ناکات بە ئازادبوون و گەیشتنەوە بە هاوسەرو منداڵ و دایك و باوکیانەوە بینیویانە, باسی ئەوە ناکات جینۆسایدی نێرینەی بارزانییەکان جینۆسایدێکی گفتوگۆ هەڵنەگرە, ئەوەی ئەو دەیگێڕێتەوە تاوانبار کردنێکی بێ بنەمای ئەو خەڵکە بێ تاوانەیە ,کە باجی کاری لایەنێك سیاسی دەدەن کە ئاوێزانی سیاسی دەوڵەتی دوژمن بووەو تەنها لە بەر هاو عەشیرەتی و یەك ڕەنگی جامانەی سەریان بەسەریاندا سەپاوە.

زمانی بەڵگەنامەکانی ئەوکاتی بەعس , باسی ئەوەمان بۆ دەکەن , کە ئەم هاوولاتیانە هاوکاری پارتیان کردووە بۆ چاوساغیکردن بۆ ئێران و هێرشی سەر حاجی ئۆمەران , کە لە ئەنجامدا ناوچەیەك داگیر کراوە , ئەمەشیان بە خیانەتی گەورە لەنیشتمان نا پاکی بۆ وڵات ناوزەد کردووە , خیانەتیش لای سستەمە دیکتاتۆرەکان پێناسی خۆی هەیە و بەرزترین ودڵ ڕەقانەترین سزا دەیان گرێتەوە .

با پێکەوە چاوێك بە بەڵگەنامەکانی ئەو کاتی حیزبی بەعسدا بخشێنین و بزانین لەو ڕۆژگارەدا بەڵگەنامەکان بۆ پاساوی ئەم تاوانەیان چییان نووسیوەو وتووەو هۆکاری ئەنجامدانی ئەم تاوانەیان بەچی پاساو دەدەنەوە :


3590

بسم الله الرحمن الرحيم

التاريخ / / ١٩

السيد م م ع للشؤون السياسية المحترم

تحية وتقدير

3589

بسم الله الرحمن الرحيم

السيد م م ع للشؤون السياسية المحترم

تحية وتقدير

دەقی وەرگێردراوی ئەم بەڵگەنامەیە لەخوارەوە بەزمانی کوردی بخوێننەوە :

(( بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

بەروار 29-3-1989

بەڕێز م م ع کاروباری ڕامیاری هێژا

1- لە کۆتایی مانگی تەموزی ساڵی1983 هاتمە ئاگادار کردنەوە لە گەڵ کۆمەڵێك ئەفسەری ئاسایشی بەغدا لە گەڵ ئاسایشی گشتی و لە لایەن بەڕێز بەڕێوەبەری ئاسایشی بەغدای پێشوو (عەقید عەلی عەبدولا برع) بۆ ئەوەی کۆمەڵێك بارزانی خائین وەر بگرم کە لەحوکمی زاتی ئاسایشی گشتی هۆبەی سێ بە دەستمان گەیشت هەروەها بەشێکی تر دەست بەسەر بوون لە گرتووخانەی ئەبو غرێب.

2- 2225 خائینمان وەرگرتن بە ئۆتۆمۆبیلی بارهەڵگر هاتنە گواستنەوە بۆ ناوچەی بوسیە کە لەوێ دەست بەسەر بوون.

3- بەڕێز بەڕێوەبەری ئاسایشی بەغدا فەرمانی دا بۆ درووستکردنی دەستەیەك لە ژێر فەرمانی ئەو بن ,دوای ئەوە فەرمانی دا کە سزای گەل بەسەر ئەم خائینانەی سەرەوەڕا جێبەجێ بکرێت.

4- لەسەرەتای مانگی ئابی ساڵی1983 دەست کرا بە جێبەجێ کردنی سزای گەل لە بەرامبەر خائینەکان سەرەوە کە ژمارەیان 2225 کەس دەبوون .هەندێك لەوان لە پارێزگای موسەنا ناوچەی بوسیە بوون.بەتەنسیق لە گەڵ بەڕێوەبەری ئاسایشی پارێزگا ناو براو.

5- ڕێنمای دەرچوو لە لایەن بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی پێشوو بڕێز دکتۆر فازڵ بەڕاك وە وبۆ ڕێکخستنەکانی کێشەی تایبەت بە تاوانبارانەوە و بە پێی ئەمە دەستکرا بە ڕێکختسنی 16 کێش بۆ 667 کەس ,کە ئەم کێشانە بەرز کرانەوە بۆ سەرۆکایەتی دادگای شۆڕش و سزای لەسێدارەدان بە سەریاندا هاتە سەپاندن و بەڵگەنامەکان مردن نەیانگراندنەوە.

6- ئەوانەی مانەوە 1558 تاوانبار بوون هیچ کێشەیان بۆڕێك نەخستبوو.

7- لیژنەیەك هاتە دامەزراندن لە ئەفسەران بۆ وەرگرتنی پارەی ئەو تاوانبارانەی سەرەوە کە لەگەڵیان دا بوو, ئەو پارەیە ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی هۆبا3 کرا بە پێی چەکەکان.

وێنەیەك بۆ :

بەڕێز بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگری هێژا نووسراوی 4439 لە 23-8-1987بۆ کاری پێویست لە گەڵ ڕێزا.

بەڕێز بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی هێژا بۆ کاری پێویست

بەڕێز ئاسایشی هێژا بۆکاری پێویست تکایە . (( شێواز میکانیزمی جینۆساید و دیمۆسایدی بارزانییەکان -ڕێکار مزوری -ل207-208)) .

لە بەڵگ نامەیەکی دیدا ئاو باسی مۆتیڤی تاوانەکە دەکرێت : (( ئەوەی بەردەستمان ڕاپۆرتی بەرپرسی هەواڵگرییە کە بۆ سەرۆکی کۆمار لەسەر داوای ئەوەی دوایی لەمبارەیەوە بەرزکراوەتەوە کەتیایدا هاتووە:

برگەی 1 لە تەمووزی 1983، لە میانەی هێرشی دوژمنانی ئێران بۆ کەرتی حاجی ئۆمەران و سەلماندنی بەشداریی خیانەتکاران کە زۆربەیان بارزانین فەرمانێك لە بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی -فازڵ بەراك- بۆ بەڕێوەبەری ئاسایشی حوکمی زاتی ڕەوانەکراوەو ئەرکەکەش بەوپەڕی نێهینەوە ئەنجامدرا تاوەکو لەبەرەبەیانی ڕۆژی ئایندە ئامادەبوو لە 10_8_1983 بەهێزێکی سەربازیی حەرەسی جمهووری کۆمەڵگاکانی -قودس و قادسیە- و قوشتەپە کە بۆ نیشتەجێبوونی خانەوادەی بارزانیان دانرابوو هەمووشیان دەستگیر دەکران تەنها لە ڕەگەزی نێر و تەنانەت ئەوانەی لە 18 ساڵیش کەمتربوون لەو کردارە بێبەش نەبوون. ئۆتۆمبێلی گەورەی ئامادەکراویش بەیاوەریی هێزی سەربازی ئەو دەستگیرکراوانەی گواستەوە.

بەهەمان شێوەش بارزانیانی هەریر لە ناوچەی شەقڵاوە دەستگیرکران کە ژمارەیان 403 کەس دەبوو. زۆربەشیان بارزانی و شێروانی و مزووری بوون ئەوە جگە لە دیاناو ڕەواندزو مێرگەسوور لە پارێزگای هەولێر برگەی

برگەی 2: بە ئاراستەی بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی هێزێك لە کارمەندانی ئاسایشی گشتی و ئەمنی بەغدا پێکهێنرا تا ئەوانەی لە کۆمەڵگاکان هێنراون و بەندکراوانی ئەبوغریب لە بارزانیان وەربگرێنەوە.

ئەو هێزە 2225 کەسی وەرگرتەوەو بەرەو ناوچەی بۆسەیەی گواستنەوە لە پارێزگای موسەننا و تیمێك حوکمی گەلی بەسەریاندا سەپاند.

برگەی

-3: بەپێی فەرمانی بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی پێشووتر 16 کەیس بۆ 667 کەس لەبەندکراوان ئامادەکراو کەیسەکان بەرەو دادگای سەورە گوازرانەوەو حوکمی لەسێدارەدانیان بۆدەرچوو بەڵگەنامەی وەفاتیشیان بۆ دەرنەهێنراو 1558 کەسیان کەیسی بۆرێك نەخرا. برگەی

4: ئەوپارەی لە لای بەندکراوان بوو کە بڕی 194684 دینارو 440 فلس بوو لێیان وەرگیرایەوەو لەژمێریاری بەڕێوەبەرایەتی دانرا.

برگەی 5: بەپێی بەردەوامیی تەئکیدی مسعود بارزانی بۆ ئەو پرسە، سەرۆکایەتیی کۆمار سکرتێری بە نووسراوی ژمارە 2651-ت لە 24_8_1978 ڕاسپارد وەڵامی دیاریکراوو یەکگرتوویان بۆ هەر داوایەکی پەیوەندی پێوەکردنەوە هەبێ بەبێ ئەوەی کەسی دیکە جگە لەسەر کردایەتیی دەوڵەت هیچیان لەسەر بزانێ چونکە مەسەلە سەرەکیەکە لە پرسی ئەو خانەوادانە گەورەترە- ئەو وەڵامەش بەبنەمای وەڵامی هەرپرسێك دەربارەی چارەنووسی ئەو خانەوادانە دادەنرێ. هەروەها بەڕێوەبەری ئاسایش گشتی لە ڕاپۆرتی خۆیدا ئاماژە بەوە دەدات کە خانەوادەی بارزانی لە دژی حزب و سەورەو نیشتمانن و ئەوە دەیەها ساڵە ئەوانە دژی هەموو پرەنسیپەکانن چونکە تا ئێستا

**هەروەکو جاران لە دژی یەکبوونی نیشتمانە. تائێستاش خۆی بەگەورەترین عەشیرەت و نوێنەری گەلی کورد دادەنێت و خاوەن دەروونێکی پڕ لە رق و کینەیە.((پرۆسەی دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەنفال-4-3-200-خەبات)) .**

---


3592 3591
3595 3594

لە بەڵگە نامەیەکی دیدا هاتووە : (( بەڵگەنامەی بریاری حوکمی لەسیدارەدان و دەست بەسەرداگرتنی سەروەت و سامانی شمس اللەخالد خدر بارزانی و پەنجا کەس لەهەڤاڵانی بە نووسراوێك لەسەرۆکایەتی دادگای شورش بەژمارەلە12\11\1983 دەرچووە بۆ سەرۆکایەتی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار، کەبریاری گرتنیان لەلایەن دادەوەری لێکۆلینەوە سەر بە بەرێوەبەرایەتی ئەمنی بەغدا/ش31 دراوە بەنوسراوی ژمارە8\83 لە11\8\1983 .

هۆکاری گرتنیان بەمادەی 175و159و162\2-49و50و53 لەق.ع لە داوایەك بە ژمارە 1610/ج/1983 لەسەر شمس اللەخالد خدر بارزانی و هەڤاڵانی شیکراوەتەوە کە لە لایەن سیخۆرێك پێیان دراوە، داواکە بە نووسراوی ژمارە1434/23 لە27\9\1983 بۆ دادگای باڵای شورش نێردراوەو لە 11/10 /1983 حوکمی لەسیدارەدانیان بۆ دەرچووە.



ئەم را پۆرتە باس لە شەری حاجی عمران –گردەمەند و بەشداری پارتی لەم شەرە دەکات، لە ناوەرۆکی را پۆرتەکەدا دەلێت"مۆتەهەم" شمس اللەخالد خدر بارزانی کەسەر بەمسعود بارزانی و محمد خالید بارزانیە بەهاوکاری لەگەڵ ئەو کەسانەی ناویان لە خوارەوە هاتووەو ئامادەکاری و هاوکارییان لەگەڵ تێکدەران و هێزەکانی ئێراندا کردوەزانیاری عسکری و ستراتیژیان ناردوە،هەروەها رێنمایی کردنی بەرپرسانی عسکری ئیرانی لە ناوچەکەدا بۆ ئەنجامدانی کاری تێکدەرانەدژی هێزەکانی چەکداری عێراق پیش هجوم کردنی هێزەکانی ئێران لەکەرتی باکوور و گرتنی ناوچەی حاجی عمران تۆمەتبار کراون و بەبەکرێگرتەی ئیران ناوزەدی کردوون ، ئەوەی شایانی باسە دادگای شورش لە/1983/11 بە سەروکایەتی عەواد بەندەر بەستراوەو بەم ماددانە175و159و162و\2\49و50و53 لە ق.ع تۆمەتبار کراوەن و حوکمی لەسیدارەدانیان بەسەردا سەپاندوون و بەنووسراوی ژمار(3864) لە/1983/11 سەرۆکایەتی دیوانی سەرۆکایەتی کۆماریان لێ ئاگادار کردۆتەوە.
ئەمەش ناوەکانیانە:

1.شمس اللەخالد خدر بارزانی 2.سلیمان مفردی خانو 3. احمد حمود مستەفا4.ێوفی سیف الدین وستا 5. سعید محمد محمدامین 6.یوسف زبیر حاجی 7.حدو جلو فقی 8.حاتم جیجو حاتم 9. حسن حسین حسن 10. تەها محمد ابراهیم11.فریق میران مح12. نعمان حسین یاسین 13.یاسین حسین یاسین 14.حسکو رشید نبی 15.تەلعەت سعید عمر 16.رەمەزان عبداللەیاسین 17.وجدی مستەفا ناوخۆش 18.مستەفا حسین سالح 19.حسین محمد احمد 20.اسعد حسن عبدالله21.سلیمان ابابکر احمد 22 .جادر محمد حسین 23.عبدالرحمن محمد حسن 24.احمد سعید حسن 25.مستەفا باجو مستەفا 26.عزیز سالح سلیم 27.حکیم زادەمحمد 28.زکری جلو مالی 29.باجو حسین ملکو30غفور احمد محمود 31.محمد علی عباس 32.خدر مولود سالح 33.سعید اخدل شیخ عمر 34.عبدالعزیز حجی عبدالله 35.ێبری رەمەزان حسن 36.ویس یوسف رەمەزان 37.میرخان محمد مرزا38.نادر حبیب حسن 39.فقو خوجەنایر40.قرتاس سالح حسین 41.حسن حاجی ابراهیم قادر 42.جمیل عبدالله فارس 43.اسماعیل سلیمان الیاس 44.یونس حسن یونس 45.بحری محمد ملکو 46.زلفو احمد جوهر 47.شهاب زادەمحمود 48.ێوفی درویش محمد 49.شهاب احمد جوهر 50.بیرو حمد ابراهیم 51.جوهر حدو حاجی (( عەدالەت عومەر-چالاك لەبواری ئەنفال و بێ سەروشوینەکان-227-2007 )).


لە بەلگەنامەیەکی دیکە سەبارەت بەهەمان پۆل هاتووە : (( بەلگەنامەی بریاری حوکمی لە سیدارەدان و دەستبەسەرداگرتنی سەروەت و سامانی خورشید رشید سلمان بارزانی و هەڤاڵانی هەروەها ملا سعید حسن بارزانی و هەڤالانی بە نووسراوێك لە سەروکایەتی (دادگای شورش) بە ژمارە4066 لە 24\11\1983 دەرچووە بۆ سەرۆکایەتی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار، کە بریاری گرتنیان لە لایەن دادەوەری لێکۆلینەوە سەر بە بەرێوەبەرایەتی ئەمنی بەغدا/ش31 دراوە بەنوسراوی ژمارە 15\83 لە 1\8\1983 .


هۆکاری گرتنیان به مادەی 175و159و162\2-49و50و53 له ق.ع له دوو داوا که داوای یەکەم به ژماره 1775/ج/1983 له سەر خورشید رشید سلمان بارزانی و هەڤاڵانی و داوای دووەم به ژماره 1609/ج/1983 له سەر ملا سعید حسن بارزانی و هەڤاڵانی شیکراوەتەوە که له لایەن سیخوڕێك پێیان دراوە ،داواکان به دوو نووسراو یەکەمیان به ژماره 1563/23 له 1983/10/19 دووەمیان به نووسراوی ژماره 1433/23 له 27/ 9/1983 بۆ دادگای باڵای شورش نێردراوەن بەلام هەموویان له 22/11/ 1983 حوکمی له سیدارەدانیان بۆ دەرچووە.

ئەم راپۆرتەش هەر باس له شەری حاجی عمران –گردەمەند و بەشداری پارتی لەم شەره دەکات،له ناوەرۆکی راپۆرتەکەدا دەلێت"مۆتەهەم حسن محمد شیرۆ لەگەڵ کۆمەلێك له تێکدەران که ناویان له خوارەوە هاتووە سەر به مسعود بارزانی زانیاری عسکری و ستراتیژیان ناردوە وئامادەکاری و هاوکارییان لەگەڵ تێکدەران و هێزەکانی ئێراندا کردوە ،هەروەها رێنمایی کردنی بەرپرسانی عسکری ئێرانی له ناوچەکەدا و ئەنجامدانی کاری تێکدەرانه دژی هێزەکانی چەکداری عێراق پیش هجوم کردنی هێزەکانی ئێران له کەرتی باکوور بۆ گرتنی ناوچەی حاجی عمران تۆمەتبار کراوەن و به بەکرێگرتەی ئێران ناوزەدی کردوون ، ئەوەی شایانی باسه دادگای شورش له 1983/11/22 به سەروکایەتی عەواد بەندەر بەستراوەو بەم ماددانه 175و159و162و\2\49و50و53 له ق.ع تۆمەتبار کراوەن و حوکمی له سیدارەدانیان بەسەردا سەپاندوون و به نووسراوی ژمار( 4066 ) له( 24/11/1983 سەرۆکایەتی دیوانی سەرۆکایەتی کۆماریان لێ ئاگادار کردۆتەوە. ئەمەش ناوەکانیانه :

1.خورشید رشید سلمان 2. احمد حدو محمد 3. یاور علی محمد4.یوسف فرخو محمد 5. حسین عمر حسین 6. محمود فقی محمد حسین 7. حسین ملا حبیب عبدالرحمن 8.عیسی محمد حسن 9. جهور یونس ابراهیم 10.جزیری برایم محمد 11. محمد ابراهیم محمد 12.نعمان شریف شمیرن 13.عزیز فقی سعید 14.خلیل تاهیر عبدالله.15.نیاز عزیز عبدالله 16. حاجی عمر عبدالله17.عوسمان حسن عوسمان 18.عزیز ملا عبدالله فقی 19.ابراهیم عوسمان حاجی 20.علی قاسم علی 21.نزمی محمد محمدامین 22. محمد تاهیر حجی ابراهیم23.عمر احمد عمر 24.حسن خالد ملا 25.عیسی حسن شریف 26.حسین عبدالحمن حسین 27.تەها محمد یوسف 28. حسین محمد یوسف 29. ایوب محمد عیسی 30.مولود جوج مولود 31. محمد قرتاس سالح 32. شیخ عمر باپیر 33.خوشوی داود محمد 34.شاکر خالد سالح 35.عمر حدو محمد 36.تاهیر عبدالرحمن علی 37.حسین محمد حسین 38.عزیز ابراهیم شێخو 39.سلیمان سەبری عیسی 40.عمر تاهیر عمر 41.حسین فقی محمد حسین 42.نزهت شریف عمر 43.ممو سەبری عیسی 44.فریق ملمکو تاهیر 45.حدو محمد احمد 46.فرات ابراهیم باپیر 47.عبدالله ابوبکر فتح الله 48.حسن محمد شیرو 49.درویش عمر یاسین 50.تمر محمود قرتاس 51.عبدالواحد عمر سعید - عەدالەت عومەرچالاك له بواری ئەنفال و بێ سەروشوینەکان 22-7-2007 )).










له بەڵگە نامەیەکی دیدا باسی ئیعدامی 23 هاووڵاتی هاتووە :(( بەڵگەنامەی بریاری حوکمی لە سیدارەدان و دەست بەسەردا گرتنی سەروەت و سامانی سابر مستەفا محمد عبدالسلام بارزانی و (22) کەس لە هەڤاڵانی بە نووسراوێك لە سەروکایەتی (دادگای شورش) بە ژمارە1446\ج\1983 لە 30\8\1983دەرچووە بۆ سەرۆکایەتی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار، کە بریاری گرتنیان لە لایەن دادەوەری لێکۆلینەوە سەر بە بەرێوەبەرایەتی ئەمنی بەغدا دراوە هۆکاری گرتنیان بە مادەی 175و159و162\2–49و50و53 لە ق.ع لە داوایەك بە ژمارە1\83 لە 26\7\1983لە شیکراوەتەوە کە لە لایەن سیخۆرێك پێیان دراوە .


ئەم راپۆرتە باس لە شەری حاجی عمران –گردەمەند و بەشداری پارتی لەو شەرەدا دەکات لە ناوەروکی راپۆرتەکەدا دەڵێت ":موتەهەم سابر مستەفا محمد عبدالسلام بارزانی لە گەڵ کۆمەڵێك لە تێکدەران کە سەر بە مسعود و ادریس بارزانین، زانیاری ناوخۆی سەرکردایەتییان داوەتە تێکدەران بەتایبەتی لەسەر ئەو جێگایانەی ستراتیژی و حەساسن و ئامادەکاری و هاوکارییان لە بەغدا و هەولێر لەگەڵ تێکدەران کردووە بۆ هێرشکردنە سەر هیزەکان لە کەرتی باکوور لە حاجی عمران لە رێگای مسعود و ادریس".


هەروەها ئەوانی بە هەڵگرتنی چەك بەرامبەر بە هێزەکانی چەکداری عێراق بە مەبەستی هاوکاری هیزەکانی ئیران بۆ گرتنی ناوچەی حاجی عمران تۆمەتبار کردووەو بە بەکرێگرتەی ئیران ناوزەدی کردون . عەدالەت عومەر–چالاك لە بواری ئەنفال و بێ سەروشوینەکان–لە زمانی بەڵگەنامەکانەوە – بەشی سێیەم




















لێرەشدا بینەری بەیاننامەی هێزە چەکدارەکانی عێراق بن, کاتی خۆی لە دوای گرتنەوەی چیای گردمەند خوێنراوەتەوە :

https://www.youtube.com/watch?v=P63HHRhog4I

**ئەمەش دەقی بەیاننامەی هێزە چەکدارەکانی ئەوکاتی عێراقە :**

بيان رقم «١١٦٧»
صادر عن القيادة العامة للقوات المسلحة
بسم الله الرحمن الرحيم

« وماجعله الله الا بشرى لكم ولتطمئن قلوبكم به وماالنصر الا من عند الله العزيز الحكيم »

صدق الله العظيم

يالبناء شعبنا العظيم .. ايها المقاتلون الاماجد في كل مكان انه يوم عظيم هذا اليوم ايها العراقيون ويالبناء الامة العربية .. انه اليوم الذي ارتقت به غيرة العراقيين الى اعلاها ليرتقوا بها قمم الجبال العالية وليجعلوا من تلك القمم مكانا للمجد والى حيث تستقر قيم الرجال ومبادئ المؤمنين في الدفاع عن ارض الوطن ومستقبل الشعب وقيم الامة .

ان القيم التي فجرت طاقات الرجال وصلبت عزيمتهم في كل معارك الشرف استحضرت بأروع اشكالها ومفاهيمها لتكون خلف اضخم وأروع عملية انزال يحققها ابطال القوات الخاصة منذ بداية الحرب وحتى يومنا هذا .

نعم ايها الشرفاء من ابناء الوطن الغالي .

نعم ياأحفاد صلاح الدين من العرب والكرد ويالبناء العراق الغيارى في كل مكان لقد نجح ابناؤكم في واحدة من اروع العمليات العسكرية الناجحة وأروع عمليات الانزال العسكري في تاريخ الجيش العراقي الباسل ووضع العدو الماكر والمشبوه في واحدة من احرج الحالات التي وضعه فيها جيش العراق وكان المكان هذه المرة قمة جبل كردمند وكان الرجال من ابطال جيش العراق ومن اللذين لايعرف التردد سبيلا الى قلوبهم وكان شعارهم النصر او الشهادة .

ايها الاخوة لقد اوصل المشبوهون العملاء سليلو الخيانة العدو الايراني الى جبل كردمند وقمته عندما لم يكن فيه الا قوة صغيرة وملأوا الدنيا عويلا وإدعاءً نظرا للاهمية التعبوية الخاصة لهذا الجبل بسبب حاكميته في المنطقة ولان قمته اعلى قمة من بين قمم الجبال المشرفة على منطقة حاج عمران - رايات . واليوم يلقن ابناء العراق الغيارى العدو الخاسئ وسليلي الخيانة من المتواطئين الاذناب الدرس الذي يستحقون فينتزعون هذه القمة من مخالب اعوان الدجال وخدم الاجنبي لتعود ترفل بالعز والمجد بعد ان تضمخت بدماء ابنائها الميامين وتعود الى حضن الوطن ( عروس رايات ) بعد ان لونها

١٣٤

ابناؤها بحناء شرايينهم الطاهرة .

لقد ابيدت القوة الغازية ايها العراقيون الاماجد ولم ينج منها الا من استسلم منهم لقواتنا الشجاعة الله اكبر والعزة لنا ولابنائنا ولاحفادنا من بعدنا ، بعد ان كانت عنوانا بارزا للاجيال السابقة من اجدادنا الميامين والموت لاعداء العراق واعداء الامة العربية المجيدة .

القيادة العامة للقوات المسلحة
٢٩ - تموز - ١٩٨٣

بيان رقم ( ١١٦٨ )
صادر عن القيادة العامة للقوات المسلحة
بسم الله الرحمن الرحيم

كلما تمادت طغمة الشر والاجرام الحاكمة في طهران في حقدها وغيها وحاولت النيل من سيادة العراق العظيم وحدوده الشامخة - وجدت ابناء دجلة والفرات اسودا تتسابق في القتال والتضحية والفداء للدفاع عن تراب الوطن المقدس وقيم الامة في اي مكان من جبال وسهول ومياه العراق الاشم ويؤكد صناديد قادسية صدام الميامين يوما بعد اخر ثقتهم العالية على دحر كافة محاولات العدو الحاقد واحلامه المريضة مهما كانت واينما وجدت . هذا وكانت نتائج الفعاليات في قواطع العمليات كالاتي : -

١ - بمعركة التحدي التي استمرت حوالي ٢٤ ساعة والتي تمكن خلالها احفاد صلاح الدين من انتزاع جبل كردمند من اعوان خميني الدجال وخدم الاجنبي في منطقة حاج عمران في القاطع الشمالي من ساحة العمليات حيث تأكد لدينا بأن القوة التي تمت ابادتها بالكامل في جبل كردمند خلال الملحمة البطولية التي وردت في بيان القيادة العامة المرقم ( ١١٦٧ ) الصادر صباح اليوم هي فوج ١٢٩ من اللواء الثاني فرقة ٧٧ وفوج مدفعية ٣٠٦ من اللواء الاول فرقة ٦٤ واعداد كبيرة من الخونة والمأجورين ولم ينج من قوة العدو الا اعداد فضلت الاستسلام لقطعاتنا البطلة حيث تم اسرهم واخلاؤهم الى الخطوط الخلفية من الجبهة . هذا وقد بلغت خسائر العدو المنظورة التي تم احصاؤها ( ٢٩٢٠ ) قتيلا واعدادا من الاسرى والاستيلاء على كميات كبيرة من الاسلحة والاعتدة والمعدات الصالحة للاستعمال .

١٣٥

٢ - لالحاق المزيد من الخسائر بقوات العدو في الافراد والمعدات واصل نسور قوتنا الجوية الشجعان غاراتهم الكثيفة والمركزة على مواضع العدو وتجمعات افراده في المناطق الكائنة امام مواضع قطعاتنا الامامية في القاطعين الشمالي والاوسط من ساحة العمليات وحققوا بقوات العدو اصابات مباشرة ومؤثرة واشعلوا النيران بمواضعه والياته وتجهيزاته - هذا وعادت جميع طائراتنا المقاتلة الى قواعدها سالمة موفقة والحمد لله .

٣ - بثقة عالية بالنصر المؤزر واصل فرسان سمتياتنا الابطال هجماتهم الجريئة على تجمعات العدو وتحشداته وفلوله المذعورة في المناطق الكائنة امام مواضع قطعاتنا الامامية في القاطع الشمالي من ساحة العمليات حيث تمكنت طائراتنا السمتية من تدمير رتل عجلات معادٍ يقدر بخمسين عجلة محملة بفوج مشاة للعدو حيث تم قتل وجرح من فيها وتدمير خمس عجلات اخرى محملة بالعتاد في قاطع اخر والحقت طائراتنا السمتية بتجمعات العدو خسائر كبيرة في الافراد والمعدات وشاهد نسورنا الاشاوس النيران تلتهم اليات العدو ومعداته - هذا وقد بلغ عدد المهمات القتالية لطائراتنا السمتية لهذا اليوم ١٥٠ مهمة قتالية - وعادت جميع طائراتنا السمتية سالمة والحمد لله .

٤ - قتيلان وتدمير عجلة واحدة ومرصد واحد في القاطع الاوسط من ساحة العمليات .

٥ - تدمير كدس عتاد واحد ومرصد واحد في قاطع عمليات ميسان .

٦ - قصفت الطغمة الخمينية المجرمة بمدفعيتها هذا اليوم مدينة مندلي وقصبة زرباطية وضواحيهما وقد اسفر القصف المعادي عن هدم دار سكنية في مندلي وحريق في احد البساتين في زرباطية .

القيادة العامة للقوات المسلحة
٢٩ - تموز - ١٩٨٣

# ئایا  پارتی چاوساغی بۆ ئێران کردبوو ؟؟

**له  بەر ئەوەی  هێرشی حاجی ئۆمەران راستەوخۆ  له بەرەکانی  جەنگ  کارەساتی مرۆیی گەورەی لێنەکەوتەوە و تاکو پشکنینی بۆ بکرێت  و بەشداربووان  قسەیان پێبکرێت, ئەوەی هەیە شاردراوەتەوە, یان هێرشەکە بۆ سەر شارێکی قەرەباڵغ پڕ دانیشتووان  ئەنجام نەدرا وەك ئەوەی له هەڵەبجە  کرا,  بەڵکە  کارەساتی  ئەم  بەرامبەر به خەڵکی سڤیل و  له  دەرەوەی بازنەی شەڕەکە پیادە کرا, لایەنی بەشداریش ئابلوقەی زانیاری  و بەڵگە نامەو شایەدیدانی بەرپرسانی  ئەو کاتی خۆی  خستۆتە سەر  و ڕێگا  نادات هیچ زانیارییەك   سەبارەت به سکاندالەکانی ئەو کردە سەربازییە   بڵاو ببێتەوە, هەروەها لەبەر ئەوەی کەیسەکە پەیوەندی به جەنگی ئێران –عێراقیشەوە هەبوو, بەهۆی باڵادەستی ئێرانەوە چاوپۆشی له پشکنینی ورد له شوێنەواری راستەوخۆی شەڕەکە کرا .**

**یۆست هیلتەرمان  شایەدی  له  سەر ئەوە  دەدات , کە پارتی  چ  وەك  جەنگاوەر   و چ  وەك هێزی ئیستیتلاع بەشداری  ئەو شەڕەی  کردووە, بەڕێزی  دەڵێت :...بەو چەشنه له هاوینی ساڵی1982دا جەنگاوەرانی (پدك) و هێزی ئیستلاعیان  کەوتنه تەك هێەکانی ئێران له هێرشکردنیاندا بۆ سەر حاجی ئۆمەران.ب ە دوای ئەم شەڕەدا , کە تاڕادەیەك   سەرکەوتنیان تێدا بەدەستهێنا, ئێرانییەکان چەند هەوڵێکی تریان دا به هاوکاری (پدك),بۆ ئەوەی مەودایەکی قووڵتر بچنه ناو عێراقەوە. هەموکات ئەم هەوڵانە پێشکەوتنی به دەست دەهێنا تا ئەو کاتەی له ساڵی1986دا, هێزەکانی ئێران به تەواوی گێڕدرانه دواوە – کارێکی ..ل118.**

**به پێی ئاماژەی دکتۆر عەلی تەتەر پارێزگای ئێستای شاری دهۆك بێت له وتارێك  بەناوی "  حکومەتی عێراق و جینۆسایدی بارزانییەکان "**

https://www.facebook.com/photo.php?fbid=397558890345662&set=a.168423243259229.26111.165422603559293&type=1&relevant_count=1  " کە لەساڵی 2013 له ژمارە 940ی گۆڤاری گوڵان بڵاوی کردۆتەوە, پارتی بەشداری ئەو شەڕەی نەکردووە, ئەو دەنووسێت "   **مەسعوود بارزانی دەڵێت: " ساڵی** ١٩٨٣ **ئێمه له شەڕی حاجی ئۆمەران بەو شێوەیەی کە حکومەتی عێراق باسی لێدەکرد بەشداریمان لەو شەڕەدا نەکردبوو، هێزەکانمان له ناوچەی (ناودەشت) بوون و بەرەی شەڕی ئێمه لەگەڵ ئەوان جیاواز بوو و ورژاندنی بەشداری پارتی دیموکراتی کوردستان له جەنگدا، تەنیا بیانوویەك بوو بۆ لەناوبردنی بارزانییەکان.**<".,  بەڵام    هەم مەسعود بارزانی راستە  کات, هەمیش ئەوانەی دەڵێن بەشدارییان کردووە , ناودەشت هاوسنوری باڵەکایەتییە, واتا هاوسنوری ناوچەکانی شەڕی فەجری دووە, کورد وتەنی خۆ له بەتلیس نییە, هەمان ناوچەکانی شەڕی قەندیلی دووە, هاوڕێ کەریم ئەحمەد لەبارەی شەڕی قەندیلی  دوو دەڵێت " ئێران و پدك لەسەر ئەوە رێکەوتبوون کە پێکەوە هێرش بەرنه سەر ناوچەی حاجی ئۆمەران و چۆمان و باڵەك بۆ پاکردنەوەیان له هێزەکانی عێراق ........لە گەڵ هاوڕێیانی پدك قسەیان کردبوو کە پێویستە پشتگیرییان بکەن و هێزێکی پارتی له گەڵماندا بەشدار بن بۆ هێرش بردنه سەر بنکەکانی ینك له پشت ئاشان و ئەمەش لەناو نەخشەی ئێران–پدك دابوو کە هێزێکی  پ.م پارتی بنێرنه ناوچەی پشت ئاشان  کە رێگا بگرن له گەیشتنی کۆمەکی میری له رانیەو قەڵادزێوە بۆ هێزەکانیان له حەوزی حاجی هۆمەران و چۆمان و باڵەك له کاتێکدا ئەگەر هێرشی ئێران و پدك بۆ سەر هێزەکانیانی عێراق لەم ناوچەیە دەست پێ بکات .هاورێیانمان له گەڵ پدك

ڕێکەوتبوون کە هێزی هاوبەش بۆ پشت ئاشان و بۆڵێ بنێرن بۆ لێدانی ینك و گێڕانەوەی ناوچەکە .... منیش بە توندی بەرهەڵستیم کرد چونکە دەکەوینە ناو داوی ئێران .... ل 202 ڕێڕەوی تێکۆشان –بیرەوەرییەکانی کەریم ئەحمەد وەرگێڕانی جەلال دەباغ ."، واتا شەڕەکەی ناودەشت دوو ئامانجی هەبوو، هەم تۆڵە سەندنەوە لە ینك، هەمیش پاراستنی ناوچەکانی فەجری دوو لە پەلاماری عیراقی، هاوزەمان لە میانی کۆمەڵێك چاوپێکەوتن لە گەڵ چەند پێشمەرگەیەکی حشع ی بەشداربوو لە شەڕی قەندیلی دوو، باسی ئەوە دەکەن، بێ ئەوەی ئاگادار بن، بونەتە بەشێك لەم بەرەیە ناڕاستەوخۆ، واتا عەمەلیاتی فەجری دووی حاجی ئۆمەران.

وەلێ بە پێی ویکیپیدیای ئینگلیزی بێت، فەجری دوو هێزی چەکداری کۆماری ئیسلامی ئێران و پارتی دیموکراتی کوردستان بە هاوبەشی ئەنجامیان داوە"

."https://en.wikipedia.org/wiki/Operation_Dawn_2

**بەڵام خەڵکی حاجی ئۆمەران بەڵگەی هاشا هەڵنەگریان لایە کە شەڕەکە بە هاوبەشی پارتی و ئێران کراوە، سەرکردایەتی پارتی لە قوتە بەرزەکانی پشت چیای کۆدۆوە، لە باشوری ڕۆژهەڵاتی حاجی ئۆمەرانەوە سەرکردایەتی پشکی خۆیان لە شەڕەکە کردووە،هەرچەندە لە حاجی ئۆمەران بە روکەش سەکەوتن، لێ لە ئەسڵدا بەهۆی جینۆسایکردنی بارزانییە سڤیلەکانەوە شکستێکی کەمەر شکێن بوو بۆ پارتی وێڕای ئەوەی لە شەڕی ناودەشت و پشت ئاشان و قەندیلی دوو، بۆ جاری دووەم پارتی وشیوعی و حسك تیایدا تێکشکان.**

نکۆڵی کردن، هەنگاوە بۆ دوبارە کردنەوەی هەڵە، وەك ئەوەی دواتر لە زاخۆو هەڵەبجە کردیانەوە، لە 31ی ئاب بەرگێکی نوێی بەبەردا کرایەوە.




**بە وتەی دکتۆر عەلی تەتەر، بەڕێزمەسعود بارزانی ساڵی دواتریش دوبارە نکۆڵی لە بەشدارییکردنیان لە فەجری دوو کردۆتەوە، کە دواتر فەتحیشی بۆ زیادکرا " مسعود بارزانی لە پاییزی ١٩٨٤ لە وە لامی پرسیارێکی گۆڤاری (ئەلحوریە) دا کە ئایا ئەوان لە گرتنی حاجی ئۆمەران هاوکاری ئێرانیان کردبوو؟ لە وە لامدا وتبووی: ئێران هێزێکی زۆری مرۆڤی هەبوو و پێویستی بە هێزی ئەوان نەدەکردو ئەو قسانەی کە لەسەر زاری سەدام حوسێن بلاوببووەوە تەنیا بیانووییەك بوو بۆ بێسەروشوێنکردنی بارزانییەکان. "،**

ئەم وەڵامەش لاوازە, خۆ لە هەڵەبجەو کەرکوك و شارپاژێڕو کۆڕەك و دەربەندیخان و زاخۆو .... ئێران هێز زۆری هەبوو, بەڵام هاوبەش بوونی شەڕەکان, ئەوە تەرزێکی شەڕی جولاو بوو, بە هاوکاری پێشمەرگە وەك چاوساغ و هێزی باڵادەستی جەماوەری ئەوناوچانە ئەنجامی دەدا, هێزە زۆرەکەی ئێران نایتوانی کەلەبەری نەشارەزایی و پشتیوانینەکردنی خەڵکی ناوچەکان لێیان پڕ بکاتەوە, هاوکات لە گەڵ ئەزموونی سەربازی پێشمەرگە لە ناوچەکانیان, لای ئێرانییەکان ئەم تەرزە شەڕە زۆر سەرکەوتووبوو, بەلاشیانەوە گرنگ نەبوو ناو ماڵی کورد , دوای شەڕەکە چی بەسەر دێت, گرنگ دەستکەوتە کاتییەکە بوو لە ڕوی ڕاگەیاندنەوە, شوێنەوارە خراپەکانی و قومارکردن بە گیانی خەڵکەوە بۆ لایەنەکانیان بەجێ دەهێشت.
بەڵگەیەکی کاك دکتۆر تەتەر بۆ بەشدارینەکردنیان ئەوەیە " هەتا حکومەتی ئێران بەڕێوەبردنی ئەم ناوچەیەی نەدابووە دەست پارتی، لە کاتێکدا کە ناوچە و دەوروبەری لە ژێر کاریگەری پارتیدا بوون، بەڵکو بەڕێوەبەرایەتیەکەی دابووە دەست هێزەکانی حزبی دەعوەی ئیسلامی. ", ئەم بەڵگەیەش بۆ پرۆفیسۆرێکی یاریدەدەر زۆر لاوازە, قوتابی من بوایە سفرم دەدایە, خۆ دواتر لە هەڵەبجەش هەر وای لێیان کردەوە, ئێران تەنها وەك مقاش ئەوانی بەکار دەهێنا, نەك بیانکات بە حوکمڕان.

## ینك و حدکا چیان کرد؟؟؟

ئەگەر پەلامارەکە بە ناو وەك بەشێك لە جەنگی ئێران–عێراق و لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنە درێژخایەن و سەرانسەرییەکانی ئەو جەنگەدا بوبێت ؟؟ , وەك پێشتر ئاماژەمان پێی دا , هەردوو لای پەلاماردەر ئامانجی دیکەیان لە لێدانی لایەنی کوردی هەبوو , ئێران لە حدکا" حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران" و پارتی لە حدکا و ینك , بۆیە هەر زوو لایەنەکانی بەرامبەر کاتێك ئامانجی پەلامارەکە زیانی پێ دووریینەوەو ترسی ئەوە دایانی گرت لە ناوچەی دیکەش درز بدۆزنەوەو هەمان سیناریۆ دوبارە بێتەوە , بۆیە ئەوانیش لە بەرامبەردا سیناریۆی پێچەوانەیان ئەنجامدا, بە ڕێك کەوتن لەگەڵ بەرامبەرەکەدا کە ئەویش بەعسە (( لە 31 ئاب سیناریۆی پێچەوانە ڕوویدایەوە ینك بووە هاوپەیمانی ئێران و پارتیش ئەوجارە عێراقی هێنایە هەولێرەوە )). هیلتەرمان لەم بارەیەوە دەڵێت : لە تەموزی1983دا, کە هێشتا شەڕەکەی حاجی ئۆمەران هەر بەردەوام بوو, فەرەیدوون عەبدوالقادری گەورە دانوستانکاری تاڵەبانی, کەوتە گفتوگۆی نارەسمی لەگەڵ ڕژێمداو کۆبوونەوەی لە گەڵ سێ بەرپرسی موخابەراتی عێراقدا کرد لە بنکەیەکی حدکا لە ناوچەی ئالانی ڕۆژئاوای سەردەشت لە ناو ئێراندا و دەست بەجێ بانگهێشتی بەغدا کرا, فەرەیدوون لە ماڵی قاسملوو لە بەغدا مایەوەو زنجیرەیەك لە گەڵ تاریق عەزیز و سەرکردە پایە بڵندەکانی تردا ئەنجامدا لە ئۆکتۆبەر و نۆڤەمبەردا –کارێکی ..... ل119.... بۆیە یەکێك لە هۆکارەکانی گفتوگۆی بەعس–ینك شەڕی حاجی ئۆمەران بوو, ینك لە پارتی ناترسا, بەڵام دەیزانی ئەو جۆرە شەڕە لە ڕوی باڵادەستی چەك و تەقەمەنی و جوڵاندنی هێز بە درێژایی سنوری ئێران – عێراق هێز دەبەخشێتە پارتی.
بەم شێوەیە ئەم هێرشە هاوبەشەی پارتی و ئێران, لە بەرامبەردا دژەکانیشی یەك خست و دەرگای بۆ ڕێککەوتنی ینك و بەعس خۆش کرد (( هەرچەندە هەندێك پێیان وایە ئەم پەیوەندییە پێشتر زەمینەی خۆشە

کرابێت )) , کلیلی ئەو ڕێکەوتنە هێرشی حاجی ئۆمەران بوو, یۆست هلتەرمان لەسەر زاری فەرەیدوون عەبدالقادرەوە دەگێڕێتەوە : (( لێرە بە دواوە پەیوەندیمان زۆر کۆك بوو, بەلآم کاتێ گەڕاینەوە بۆ بنکەکانمان لە دۆلی جافایەتی, بە یەکترمان دەوت: بەڕاستی کورد بەد بەختە .هەموو دنیا پشتی عێراق دەگرێت لە دژی ئێران, کەچی ئێستا ئێمە بڕیارمان داوە پشتی ئێران بگرین لە دژی عێراق– کارێکی ژەهراوی...... ل124.

## کاردانەوەی بەعس ؟؟

**بەعس لە دوای ئەو هاوپەیمانییە نا پیرۆزەی نێوان پارتی و ئێران هوشیاری دایە هەموو لایەك, کە دەست تێکەلکردن لە گەلْ ئێران هێلی سوورە بۆ ئەوان , هەرچەندە نوشیروان مستەفا لە وەلآمی تالەبانیدا دەلێت : ئەو هەڕەشەیەی تالەبانی باسی ئەکات ئەگەر بەو گەیشتبێت، بە من نەگەیشتوە، چونکە ئەو زەمانە بەعس هیچ ڕێگە پەیوەندیەکی لەگەلْ من نەبو تا ئەو هەواڵەم پێ بگەیەنێ، ئاغای تالەبانیش شتی وای بە ئێمە نەوتبو.. ئۆبالی گوێندەدان بەم هەڕەشەیە، ئەگەر ڕاست بێ، لە ئەستۆی ئەودایە.(( لە هاوخەباتیەوە بۆ تەخوین-نەوشیروان مستەفا )).**

**بەلآم هەر بۆ خۆی کۆچکردوو بەڕێز کاك نەوشیروان لە چاوپێکەوتنێکی پێشووتری پێش ئەوەی ئەم جەدەل و وەلآم و وەلآم کارییەی لە گەلْ تالەبانی ڕوبدات ئاماژەی بە بۆچوونی وا دابوو "بە پێی قسەی نەوشیروان مستەفا ئەمینی جێگیری تالەبانی ( لە چاوپێکەوتنێکی سالی1983دا), تاریق عەزیز بە سەرکردە کوردەکانی ڕاگەیاندووە) (ئەگەر ئێوە یارمەتیمان بدەن هەرگیز لە بیری ناکەین, بەلآم ئەگەر لە دژمان بووەستنەوە ئەوەش هەرگیز لە یاد ناکەین و پاش ئەوەی جەنگ کۆتایی دێت, تێکتان دەشکێنین و هەموو گوندەکان بە تەواویی خاپوور دەکەین ))-کارێکی ژەهراوی ...... , ل119".**

## هاوپەیمانیەتیەکی سەقەت !

**مەلە کردن بە پێچەوانەی تەوژم, زۆر جار خنکانی کەسەکەی لێ دەکەوێتەوە, کوردیش بزووتنەوەکەی بەو هاوپەیمانییەتییە نا پیرۆزەوە لە بیروباوەڕە ئازادیبەخشەکەی و لە بەرامبەر تەوژمی جیهانیش خۆی بینییەوە .**
**لە بیرمان نەچێت , ڕۆژئاوا تا سالی 1991 بە بەهانەی مەترسی کۆمۆنیزم لایەنگری سەر سەختی ئاپارتاید بوو (( ئامەریکا, ئینگلیز ,ئیسرائیل ,فەرەنسا((1981)) , ڕیگان یارمەتی جەنگاوەرانی ئازادی ئەفغانی دەدا (( حکمەتیار و ڕەبانی )), لە بەرامبەر مەترسی سوور , بۆیە زۆر ئاساییە بە بەهانەی مەترسی پان ئیسلامیزمیشەوە پشتیوانی لە ئێراق کردبێت , بۆیە ئەم پەیوەندییە جگە لە مالْ وێرانی هیچی دیکەی لێ شین نەبوو , ئەوکاتیش مشتومڕەکان لە ناو کۆنگرێس دژ بە هاوکاری ئەمەریکا بۆ بەعس لەسەردەمی شەڕی ئێران عێراق و بێدەنگ بوون لە ئاست قڕکردنی کورد گەرم بوو" بڕواننە هەلبجەو ئەنفال لە بەلگەنامەکانی ئەمەریکا– وەرگێڕانی وریا ئەحمەدی– هەولێر 2013 ".**

راستییەك خۆی حەشار داوە, ئەویش ئەوەیە ئێراق چەند لە بەرەکانی جەنگ تێك دەشکا, ئەوەندە زیاتر خۆشەویست دەبوو لای وڵاتان و پشتیوانی سەربازی و دارایی و دیبلۆماسی زیاتری لێدەکراو بە خێر و بەرەکەت بۆی تەواو دەبوو, هەموو کارێکی چاوی لێدەپۆشرا , بەکارهێنانی هەموو چەکێك بۆی حەڵاڵ کرا (( . ... عێراق ڕۆڵێکی بە کەڵکی دەبینی بۆ بەردەوامی پێدانی هاوسەنگیی هێز لە کەنداودا ,لای کەمەکەی شۆڵز لە پایزی ساڵی 1983 ەوە دەیزانی کە عێراق چەکی کیمیاوی بەکار دێنێ – کارێکی کیمیاوی , ل289 )) .

(( مافی مرۆڤ و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بە ڕێی خۆیان لە زۆر لایەنەوە بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوورییەکانمان لەگەڵ ئەوانەی ئێراقدا هاوتەریبن " لە یاداشتێکی نهێنی ئەمریکییدا نووسراوە ""بەشی 15 ئامەریکا و ئەنفال".(ئەنفال و ئامەریکا–سەمانسا پاوەر –و.بەختیار کەریم –بەشی 21 "کۆتایی "–24–9–2006 دەنگەکان ).

ئا لێرەوەیە ئەم لایەنە سیاسییانە هەر جارەی یەکێکیان, دوایش بە جووتە وچوار قۆڵی (( ینك, پدك, سۆسیالست, بزوتنەوە)) کورد گورگان خواردی دەکەن .

خۆشیان ئەوەیان هەر لە سەرەتاوە زانیووە (( فەرەیدوون عەبدوالقادر دەڵێت: کاتێ گەڕاینەوە بۆ بنکەکانمان لە دۆڵی جافایەتی, بە یەکترمان دەوت: بەڕاستی کورد بەد بەختە .هەموو دنیا پشتی عێراق دەگرێت لە دژی ئێران, کەچی ئێستا ئێمە بڕیارمان داوە پشتی ئێران بگرین لە دژی عێراق–کارێکی کیمیاوی ,هیلتەرمان )).

تاڵەبانی کە بۆ خۆی دواتر سەرکردایەتی شەڕی هاوبەشی ئێران–ینك ی کرد لە داستانی ڕزگاری دەڵێت : لەناو ئەو کێشمەکێشە سیاسی و فکرییەدا، سەرەڕای ئەوەی تاقیکردنەوەی زۆرمان لەگەل سەدامییەکاندا هەبوو، بەتایبەتی سیاسەتی سەدام لەجەنگی عێراق–ئێراندا، سروشتی فاشیانەی ڕژێم ئاشکرا دەرکەوتبوو، دەریش کەوتبوو کە ئەم فاشیستانە لەهیچ تاوانێك نەدەسڵەمینەوە، مفاوەزاتەکەشمان لەگەل ڕژێم ساڵێك بوو بەهۆی شۆڤێنیەتی بەعسی سەدامی و تەکنەلۆژیای جەنگی و فشارە ئیقلیمیەکە، شکستی خواردبوو، ئەو هەموو ڕاستیانەمان دەزانی، بۆیە دەبوو ژیرانەتر هەڵبسوڕێین و کەمترین پاساو بدەینە دەست فاشیەکان، کەچی لەوکاتەدا، نەك نەمانتوانی جیاوازیەکان و هەڵەکان سەبارەت بە سکرتێری کۆمەڵە کەم بکرێنەوە، بەڵکو ناوبراو ناکۆکیەکانی لە مەیدانی سیاسەتو فکرەوە، گەیاندە ئاستێکی ترسناك، ئەویش بواری عەسکەرییە، دەقی تەواوی قسەکانی تاڵەبانی لەسەر نەوشیروان مستەفا بڵاوکرایەوە–26–12–2009.


**هیومان ڕایتس وۆچ لە درێژەی ڕاپۆرتەکەیاندا هۆکاری کۆمەڵکوژی بارزانی و ئەنفالکراوەکان بە هاوشێوەی یەکتر دەناسێنن: لە گەلێ ڕووەوە , عەمەلیاتی ساڵی 1983 ی بارزانییەکان دەسپێکی ئەو تەکتیکە بوو کە لە مەودوا بە ئەندازەیەکی هێجگار گەورەتر لە سەردەمی پەلاماری ئەنفالدا بەکارهات . لە ڕووی مۆتیڤ و چارەنووسی مرۆڤەکانەوە .**

نەك هەر ئەزموون لە ڕابردوو وەرنەگیرا , بەڵکە دواتر ویستیان مێژوو دوبارە بکەنەوەو شان بەشانی ئێران هێرش بکەنەوە سەر هەمان دەڤەر ( لە نێوان قەڵادزێ و هەڵەبجە و حاجی ئۆمەران سەرکردایەتی لەسەر هەڵەبجە گیرسایەوە) (کارێکی ژەهراوی–پۆست هلتەرمان، وەرگێڕانی محەمەد حەمە ساڵەح تۆفیق–کۆمپانیای ئاوێنە – ل 148 )) , ئەمانە نەك وەك رابەری گەلێك نەجوڵاونەتەوە, زیاتر سەرکردایەتیان ترامپیانە بوو, بە سەفقات وەك بەڵێندەر کاریان بۆ ئێران کردووە .

بێشك هەموو سیاسییەکانی ئەو کات , ئەوانەی بەشداری ئەو گفت و گۆیانە بوونەو سەپۆرتیانکردووە و واژۆیان لەسەر پەیماننامەی شەڕە هاوبەشەکان کردووە , یاخود فەرماندەی مەیدانی بە پراکتیزە کردنی ڕێککەوتننامەکان

بوونە ، یان لە بڕیاری سیاسیدا بوونەو نقەیان نەکردووەو سەری ڕەزامەندییان بۆ لەقاندووە ، دەبێت هەموو بە کۆمەڵ ، ئاوی ئەو بیرە تۆش بکەن ، کە بۆ یەکیان لێ داوە، بەشی خۆیان لەو سکاندالە سیاسییە بخۆنەوەو لە کێلگەکەی پشکی خۆیان بدورنەوە ، ئەوەی ڕونە بردنەوە هەزاران باوکی هەیە ،دۆڕانیش زۆڵە و هەموو باوکەکان خۆیانی لێ بێ بەری دەکەن، ڕۆژێکیش دێت ئەم سکاندالە قێزەونە دەکەوێتە بەر دادگاییکردنی خەڵك.

## فارس نیعمە محیاوی تاوانباری تاوان

فارس نیعمە محیاوی لەدایك بووی 3-7-1940، ئەو ئەفسەرەی بە نانی 9 گولە بە سنگی سەرۆکی عێراق عەبدالکەریم قاسمەوە، کۆتایی بە تاقە کۆمارە عەدالە تخوازەکەی عێراق هێنا لە مێژوودا، لەوکاتە سەرکردەی فەیلەقی یەکی سوپای عیارقی بوو، فەرماندەی گرتنەوەی چیای گردمەندی کرد، بە هاوکاری جاشەکان، هاوکات لە پەلاماری بارزانییە سڤیلەکانی دەڤەرەکە بڕیار بەدەست بووە، دواتر بووە باڵوێزی عێراق لە نەمساو لە لایەن چاودێری کوردۆسایدەوە ، وەك تۆمەتبارێکی ئەنفال سکاڵای یاسایی لەسەر تۆمار کرا، وەلێ بەهۆی پشتگوێ خستنەوە ئەو سکاڵایەش وەك 422 تۆمەتبارەکەی دیکەی ئەنفال، خرایە ژێر پێی دەسەڵاتدارانەوە، هاوکاری داواکاری گشتی نەمساوی نەکرا.ئ

Staatsanwaltschaft Wien
Landesgerichtsstr. 11
1080 Wien
Tel.: +43 (0)1 40127-0

51 St 10/05v - 1[illegible]

Bitte obige Geschäftszah[illegible]
in allen Eingaben anführe[illegible]

037 51 St 10/05v - 10

Mahmoud A.
Kalvrweide 67
2727GB ZOETERMEER
NIEDERLANDE

Soweit in diesem Formular personenbezogene Ausdrücke verwendet werden, umfassen sie Frauen und Männer gleichermaßen.

**STRAFSACHE:**

GEGEN:

**Beschuldigter:**
Neama Hussain AL-MIHIAWI-FARIS
geb. 03.07.1940
Gersthofer-Straße 145/2/6
1180 Wien

WEGEN: §§ 153 Strafgesetzbuch, 256 Strafgesetzbuch, 321 Strafgesetzbuch, 75 Strafgesetzbuch

12. Februar 200[illegible]

Bezugnehmend auf Ihr Schreiben vom 11.9.2007 teile ich Ihnen mit, dass in dieser Sache Erhebungen durch die österreichischen Polizeibehörden geführt werden, welche insbesondere im Hinblick auf die Notwendigkeit der Beschaffung von Informationen aus dem Irak noch nicht abgeschlossen sind.

Staatsanwaltschaft Wien
Geschäftsabteilung 51

Dr. Stefan Apostol
(STAATSANWALT)

قضية جنائية :

ضد :
مشتبه فيه - مشبوه :
نعمه حسين المحياوي - فارس .
تاريخ الولادة ٣-٧-١٩٤٠
العنوان : گيرست هوفير - شارع ١٤٥/٢/٦
المسكن
فيينا ١١٨٠

بسبب : §§ قانون العقوبات ١٥٣ - قانون العقوبات ٢٥٦
قانون العقوبات ٣٢١ - قانون العقوبات ٧٥ .

١٢-٢-٢٠٠٩

إستناداً الى الكتاب في التاريخ ١١-٩-٢٠٠٧
أبلغ حضرتكم أن في هذا القضية رفع الدعوى من خلال
سلطة الشرطة النمساوية ، على وجه أخص نظراً الى .
مع ملاحظة الشيء وهو ضرورة الحصول المعلومات
من العراق الذي بعد لم يتم إكمالها أو ختامي .

الإدعاء العام فيينا
مجال الشؤون ٥١

د. ستيفان أبوستول

## کەی دان به ڕاستییەکان دەنێن؟

نابێت مێژوو , بەتایبەت ئەو چرکە ساتانەی خوێنی قوربانیانیانی لێ دەتکێت, لە خزمەتی سیاسەتی باڵادەستدا بنووسرێتەوە, نابێت مێژوو نووسان و توێژەرەوان بە پێی ڕەوتی ئاو مەلە بکەن , مێژوو وەك ئەوەی چۆنە دەنووسرێتەوە, نەك وەك ئەوەی ئەوان چۆن سەیری خۆیان دەکەن و گەرەکیانە, ئێستا پێوستمان بە مێژووە ڕاستییەکەیە بنووسرێتەوە, پێویستە مێژووە تاڵەکان, ئەوانەی پڕن لە هەڵەو تێکشکان وەك خۆی باس بکرێت , ئەگەر باسکردنی تاڵییەکە بە نرخی ژیانیش تەواو بێت, نەك چیرۆکی خەیاڵی لە خزمەت سیاسییەکان بهۆنرێتەوە,مێژووی ئێمە پڕە لە فەزیحەی سیاسی, فەزیحە تەنها کارە ژێر بە ژێرەکان نییە, بەڵکە ئەو کارانەیە بە ئاشکرا کران و کەسیش باسیان ناکات .

37 ساڵە ئازاری ویژدانی خۆیان ئەدەن , لەبەر ئەوەی دان بە راستییەکانی ئەم هەڵەیە نانێن و ڕاستییەکان ئازاد ناکەن, هێزی ئاشتی پارێزی هۆڵەندی تەنها کەمتەرخەمی کردووە لەپاراستنی بۆسنییەکان , دادگایی دەکرێن بە تاوانی جەنگ, کەچی ئەمان خەڵکیان بە زیندویی فڕیداوەتە ناو کورەی جەنگەوە, خۆشیان بە گاندی دەزانن .

تا ئێستا ئینکاری ئەم هەڵە گەورانە دەکرێت , ئەمە پێویستی پێداچوونەوەی ویژدانە , پێویستی بە نەعلەت بارینە لەو شێوازە کارە سیاسییە, کە بەردەوام دوبارەی دەکەنەوە .

شکستی کورد تاکو ئێستا لەوەوە سەرچاوەی گرتووە, کە ئەزموون لە ڕابردووە تاڵەکان خۆی وەرناگرێت , بەڵکە دەشیان شارێتەوە و زانیارییەکان زیندانی دەکات, دواجار لەچرکە چارەنووس سازەکاندا دوبارەیان دەکاتەوە, ڕەوایەتی دان بە هەڵە مێژووییەکان, پاکانە هێنانەوە بۆیان و دان نەنانە بە ڕاستییەکان , ڕەوایی دانە پێی و تاوانی مەزنە بەرامبەر بە مێژوو و قوربانیان .

با درۆزن نەبین بەرامبەر بە مێژووی رابردووی خۆمان , باجی هەڵەیەك نەدەین بەرپرسیارییەتیەکەی دەکەوێتە ئەستۆی کەسانێك , هەموو مێژووی خۆیان بەپاکیزەیی دەناسێنن و هەڵە لەڕابردوویان وجودی نییە.

سەرکردایەتی بەناو کورد ناوەندی یادگەی کورت بینە, هاوکات لە شاردنەوەی راستییەکان و دوبارە کردنەوەی سکاندالەکان شارەزایە.

با لە زمانی بەڵگەنامەکانەوە , لە راستی واقعی ئەو رۆژگارەوە قسە بکەین. وتنی راستییەکان و دان نان بەهەڵەکانی ڕابردوو, قسەکردن لە پێگەی حەقیقی خودەوە, داوای لێبوردنکردن لە قوربانیان و قەرەبووی زیان لێکەوتووان ئەرکی لایەنە بەر پرسەکانی ئەو کاتەیە, زیان لێکەوتووانی هێرشی حاجی ئۆمەرانیش گوندنشینانی ناوچەکە , بنەماڵەی 8000 بارزانییە ,(( سەرکەوتوترین کەسانی دنیا ئەوانەن لە هەموویان زیاتر وەڵامی ڕەدی بیستووە –ل277,سەرکەوتنی بێ سنور لە 20 ڕۆژدا–ئەنتۆنی رابینز,و.عەبدوڵای حەسەن زادە –2009چاپخانەی ڕۆژهەڵات )) , وەلێ سەرکردەکانی ئێمە نایانەوێت وشەی ڕەد و وەڵام ببیستن.

پارتی ناتوانێت به پاساوی بارزانی بوون خۆ له داوای لێبووردنکردن و قەرەبووکردنەوەی ئەو 8000 بنەماڵەیە دەر بکات , کێشکە کێشەیەکی ئەخلاقی و ویژدانی و یاساییە نەك عەشایەری, پێویستە بەرپرسیارێتی پەلاماری حاجی ئۆمەران بگرێتە ئەستۆ , بۆ ئەوەی لێوەی فێر بونایە و دوبارەیان نەکردایەتەوە , وەك بینیمان کە کردیان و دوبارەشیان کردەوە , وەك ئەوەی فرچکیان پێوەی گرتبێت

ئەزموونی سەرنەکەوتوو پێویستی بە شیکردنەوە هەیە نەك شاردنەوە وداپۆشین , پێویستە لێکدانەوەی هەمەلایەنەی لەسەر بکرێت, پێویستە بە بۆچوونی نوێوە سەیری ئەو ئەزموونە شکستخواردووانەی رابردوو بکردرێت, هەموو ئەزموونێك بە نرخە بۆ مرۆڤایەتی ئەنجامگیری لێکدانەوە و لێکۆڵینەوە لە سەری, شیکردنەوەی ئەزموونەکان رابردوو باشتر کەسە سەرکەوتوو و شکست خواردووەکان دەناسێنێت بە مێژوو .

شکست هیچ کات لە ئاسمانەوە نابارێت, هەموو کات ئاکامگیری کارە ((ناپلیۆن هێل دەڵێت : سەرکەوتن جار جارە بە هەل دەڕەخسێت, بەڵام شکست و دۆڕان هۆکاری هەیە , کەواتە دەبێت هۆکارەکانی شکست و دۆڕان لە خۆماندا لە ناو ببەین (( ل46–47 – زیادکردنی توانای زیرەکی –ئاوات نەسروالله–چاپخانەی چوار چرا–2009 )) , بەڵام سەرکردایەتی کورد هەڵەکان لەناخی خۆیاندا , لە رەحمدانی سیاسییان پەروەردەی دەکەن.

هیچ تاوانێك لە گەڕان و خوێندنەوەی نوێ و ڕەخنە گرتندا نییە بۆ کارەساتەکانی رابردوو , بەڵکە شاردنەوەیان تاوانە بەرامبەر بە مێژوو , گرنگترین ڕێگا بۆ گۆڕینی شکستەکان بۆ سەرکەوتن ئەوەیە هەڵەکان خەینە ژێر پرسیارەوە .

بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بین, پێویستە بەردەوام کارەکامان هەڵسەنگێنین وراڤەیان بکەین و رۆچینە بنج وبناوانیانەوە (( یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی هاوبەشی مرۆڤی سەرکەوتوو, هەڵسەنگاندنی هەمیشەیی و نایابی ئەوانە (( ل172.هەنگاوی بچووك بۆ سەرکەوتنی گەورە –ئانتۆنی ڕابینز , و.محەمەد شەهدی –دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ڕۆژهەلات 2010 )) , با هەڵسوکەوتی پشیلە لە شاردنەوەی پیساییەکەی واز بێنین, با مێژوو بخەینە ناو شوشەی رونەوە, نەك گۆزەی گڵەوە.

ئەگەر هەڵسەنگاندن بۆ هێرشی حاجی ئۆمەران بکرابایە ئەنجامەکانیان بزانیایە, چما جاریکی دی نغرۆی هەڵەو کەمو کوڕی نابونەوەو گەلیان تووشی ئەو هێدمەگرتنە ناکرد , ئەوا هەمان هەڵە لە ئەنفال و هەڵەبجە بە کاری هاوبەش لە گەڵ ئێران دوبارە ناکرایاتەوە, کورد وتوویەتی (( ئەگەر یەکەمجار تووش بووم خوا خەتا بارەکەم بگرێت, ئەگەر جاری دووەم تووش بووم خوا خۆم بگرێت. )) .

دەتوانرێت کەوتن و هەڵەکان بگۆردرێن بە سەرکەوتن, ئەگەر مامەڵەی بەرپرسانەی لە گەڵدا بکرێت (( سەرکەوتن ئەنجامی بڕیاری باشە, بڕیاری باش ئەنجامی ئەزمونە و ئەزمونیش بەردەوام ئەنجامی بڕیارێکی خراپە – ل10. هەنگاوی بچووك بۆ سەرکەوتنی گەورە –ئانتۆنی ڕابینز ,و.محەمەد شەهدی –دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ڕۆژهەلات 2010 )) .

جۆرج سانتیانا ڕاستی کرد کە وتی(( ئەو کەسانەی کە ناتوانن ڕابردوو وەبیر خۆیان بێننەوە, تاوانبارن بە دووبارە کردنەوەی – ل132. نهێنی سەرکەوتن لە ژیاندا–برایان ترێسی ,و.محەمەد شەهدی ,دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆژهەلات 2009 )) . ڕێك ئەو وتەیە لە کوردستاندا بەردەوام دووبارە دەبێتەوە , کارەساتەکان وەك خۆیان دووبارە و دەبارە دەبنەوە, وڵاتی دوبارە بونەوەی مێژوو بە پێچەوانەی هەموو جیهان .

**تەواو 26-7-2020**